# گـــوڵـنـامـــە

ئەمڕۆ هەنگاو بنێ بۆ چاك كردنی هەڵەكانت
دوێنێ ڕۆشت و بەیانیش بەڵێنی هاتنی پێنەداویت.



ئەڤین موحەمەد.


گوڵنامە.

# گــولّــنامـــه.

لەنووسینی:ئـەڤین مـوحـەمـەد.

{ بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ }.

سـەرەتایی هـەموو کارێک بەناوی خـودا.

**گوڵێک لە باخچەی ئامۆژگارییەکانم وەربگرە.**

**Take a rose from my garden of advice.**



- مـرۆڤ وەک گـوڵ وایـــــە

گوڵ بـۆ ئـەوەی بـەجوانی بمێنێتـەوە دەبێت بیپارێزیت لە ڕەشەبا، مرۆڤیش بـۆ ئـەوەی لـەناونــەچێت دەبێت دووربـکەوێتـەوە لـە بیرکردنـەوەی هـــەڵـــە.

## ناسنامەی کتێب.

ناوی کتێب:گوڵنامە.

ناوی نووسەر:ئەڤین موحەمەد.

ژمارەی پەڕە: 118.

دیزاینی بەرگ:ئەڤین موحەمەد.

دیزاین و ڕێکخستنی ناوەوەی کتێب:ئەڤین موحەمەد.

بابەتی کتێب:چەند ئامۆژگارییەکی کورت و بەسوود بۆ گەوهەرەکانی کۆمەڵگاکەم.♡

- گولّفرۆشێکی خۆبەخشم هیوادارم بەبێ بردنی گولّێک لە باخچەکەم نەچیتە دەرەوە.

## پێڕسـت.


پێشەکی------------------------------------11

ناوەڕۆک-----------------------------------------12

بەشـی یەکەم، بۆ خانمەکەم.

خانمەکەم-----------------------------------------14

بزانە چی دەپۆشیت؟------------------------------16

پەیوەندی----------------------------------------19

واز لەمشتانە بهێنە لەژێر ناوی هاوسەرگیری--------22

تۆ کاڵانیت----------------------------------------24

هاوسەرگیری-------------------------------------26

ئامۆژگاری دایکێک--------------------------------29

کێ گوتی تۆ ناتوانیت؟----------------------------31

بزانە شوێنکەوتەی کێیت؟--------------------------33

هەنگاوێک پێش زانکۆ------------------------------35

هەنگاوێک پێش داخلی-----------------------------38

سۆشیاڵ میدیا--------------------------------------41

لەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵایەتی بە---------------44

کچ بوونت خۆشبوێت------------------------------48

وێزگەکەت هەڵەیە---------------------------------50

**بەشی دووەم، پیاو سالاری+ پەیامێک.**

**پیاو سالاری---------------------------------58**

**قسەی بێ بنەما مەکە------------------------------64**

**لەماڵەکەی خۆی دەریمەکەن----------------------66**

**پــەیـامــەکـان.**

**تەلەفۆنێک منی گەڕاندەوە------------------------72**

**ڕێگەی تۆ جیاوازە--------------------------------78**

**هەنگاوێک پێش داخلی&زانکۆ-------------------81**

**کارێک بۆ خۆت بکە-------------------------------86**

**کێشە لەڕێگاکەتدا نییە----------------------------88**

**یارین نەک بۆ یارین-------------------------------90**

**گۆڕان لەبیرکردنەوەدا------------------------------91**

**بەختەوەرییە شاراوەکان--------------------------94**

**باخچەیەک بۆ هەنگێک بەس نییە-----------------96**

**لەگەڵ خودابە---------------------------------------98**

**هەنگاوێک بۆ باشتر-------------------------------100**

**دەڵێن چی خراپ بین؟----------------------------103**

**گوڵنـامــە--------------------------------------------105**

**پەیامێک لەبیرەوەری منداڵییەوە-----------107_118**

{بِسم اللّه الرّحمَن الرحِيم}. ❀

## پـێـشەکـی:-

سـووپاسی خودای گەورە دەکەم کە هەلی پێبەخشیم بـۆ نووسینی کتێبی دووەمم و باخچەیەکی دیکە ڕەنـگاو ڕەنـگ بکەم بە وشەکانم ، گرنـگ نییە بابەتەکان کورت و کەم بـن گرنـگ ئەوەیە سوودێکی گەورەی هەبێت بۆ گەوهەرەکانی کۆمەڵگاکەم چونـکە خانمان بنـچینـەی کۆمەڵگایەکی ڕۆشنبیرن ، من لەهەر پەڕەیەک گوڵێک بۆ تۆ دەچێنم هیوادارم تۆ ئیهمالی نـەکەیت و بەگرنـگییەوە لێی بڕوانیت و سوودی لێوەربگـریـت ، چونـکە بەبێ گرنـگی پێدان و سەرنجدان ئـەوە گوڵەکەم سیس دەبێتەوە من بۆسیس بوون و وشـک بـوون ئـەو گوڵە بۆ تۆ جێناهێڵم بەڵکو بۆ سوود وەرگرتن لە ژیانە جوانەکەتە.

# ناوەڕۆک.

بەرهەمی هیچ شتێک بە ئاسانی بەدەست ناهێنیت و بەیەک هەنگاو بەهیچ ئەنجامێک ناگەیت ، بۆیە لۆمەی خۆت مەکە لەو کەمو کورتیانەی کە هەتە ، منیش ئەم وشانەی بۆت دەنووسم لە ئەزمونی خۆم و چوار دەورەکەمەوە وەرگیراوە ڕەنگە ڕۆژێک هەمان هەڵەی تۆم دووبارە کردبێتەوە بەڵام گرنگ ئەوەیە کار لەسەر هەڵەکان بکەین و چاکیان بکەینەوە نەک هەر وەکو هەڵەیەک لە بەشێکی ژیانماندا بمێنێتەوە ، مەڵێ ئەو هەڵەیەی لێرە نووسراوە لە مندا هەیە و خۆت ئیهمال بکەیت و بگەڕێیتەوە خاڵی سەرەتا لێرە پێکەوە هەنگاو هەنگاو دەڕۆین و هەڵەکان چاک دەکەینەوە بیرت بێت بۆ ئەوەی بچیتە نهۆمی سەرەوە پێویستە سەیری پلیکانەی یەکەم بکەیت و یەکەم هەنگاو لەوێوە دەست پێبکەیت ، دەستم بگرە و هەنگاو هەنگاو لەگەڵم وەرە من گوڵ دەچێنم و تۆش گرنگیان پێبدە.

## بەشی یەکەم.

بۆ خانمەکەم.




خانمەکەم، هەمووان گەوهەر و خشڵەکانیان
دەشارنەوە تۆش گەوهەری کۆمەڵگاکەی منیت،
دڵخۆشبە بەوەی کە پێت دەڵێین
تاجی شانازی لەسەر بکە
حیجابەکەت بپۆشە لەڕووی کەسی بێگانە
تۆ ئەڵماسی خێزانەکەتی.

- پێغەمبەری خودا(ﷺ)فەرموویەتی:
ئامۆژگاریتان دەکەم بەرامبەر ئافرەت چاک و باشبن لەبەرئەوەی ئەوان لەلای ئێوە ئامانەتـن.

- کەواتە ئەزیزم تۆ گەورە و بەنرخیت چونکە پێشەوای مرۆڤایەتی تۆی وەکو ئامانەتێک لەلای خانەوادەکەت داناوە کەواتە ڕێز لە شکۆ و گەورەیی خۆت بــگرە تــۆ گەوهــەریـت.

## بزانە چی دەپۆشیت؟.

خوێنەرە کۆنەکان:دیسان باسی حیجاب دەکەیت وەکو هەموو نووسەرێک ئەرێ ئەڤین هیچی تازەت پێ نییە؟.

ئەڤین:با گیانەکەم زۆرم لایە بەس هاوبەشی دینمن نامەوێ گوناهباربن.

خوێنەرە تازەکان:ئەوە باسی چی دەکەن ئێوە؟.

ئەڤین:پێتان دەڵێم باسی چی دەکەم بەڵام ئەمانەی خوارەوە  ئەگەر لە تۆیا هەبوو وەڵامەکەم قبوڵ بکە شیرینم.

_ من دڵم پاکە و خودام خۆشدەوێت وامەزانە حیجاب ناکەم ئیدی ئیسلامم خۆشناوێت.

_من بڕوام بە خودا هەیە و نوێژ و ڕۆژووش دەگرم قورئانیش دەخوێنمەوە بەڵام جارێ بڕوام بە حیجاب نییە.

_من دەترسم حیجاب بکەم و وازبێنم بۆیە نایکەم.

_پچڕ پچڕ بوو حیجابم بۆیە بەیەکجاری وازم هێنا.

_خوشک و هاوڕێکانم کەسیان حیجاب نین بۆ من بیکەم؟.

_دەمەوێت ئازادبم و کەسێکی مۆدێرن بم بۆیە حیجاب ناکەم.

_دەمەوێت کەسێکی ڕۆشنبیر بم حیجاب لەگەڵم ناگونجێت.

ئێ چیتر؟ هەر ئەوەندە؟یانی خودا لێی پرسیت بۆ فەرمانی منت جێبەجێ نەکردووە ئەوانە دەڵێیت؟خۆت بڕوات بەو قسانەی خۆت هەیە؟ئەزیزم دەزانم کچێکی دڵ پاک و جوانی بەڵام خودا نەیفەرمووە با دڵەپاکەکان حیجاب نەپۆشن،ناڵێم نوێژ و عیبادەتت قبوڵ نابێت کە خۆت داناپۆشیت بەڵکو پاداشتەکەی کەم دەبێتەوە ئەزیزم، مەڵێ پچڕ پچڕە سەرپۆشم قەینا بیکە لێی ڕادێیت هەوڵدان لە هیچ باشترە نهێنییەکت پێ بڵێم؟من بۆ هەموو شوێنێک حیجابم بەڵام کە ئاهەنگێک دەبێت و تەنها کچان کۆ دەبینەوە لەگەڵ جلە کوردیەکەم لەچک ناکەم و گوێشیان پێ نادەم کە دەڵێن بۆ لەهەموو کاتێک حیجاب و باڵاپۆشیت کەچی بۆ ئێرە نەتکردووە؟ خۆم دەزانم نامەحرەمی لێ نییە بۆیە گرنگیان پێ نادەم،مەڵێ ڕۆشنبیرم و دەمەوێت کچێکی ئازادبم ڕۆشنبیری بە جل و بەرگ نییە تەنها لە مێشک

و بیرکردنەوەتدایە،ئەزیزم ئەو خودایەی پێت دەڵێت نوێژ بکە  هەمان ئەو خودایەیە کە پێت دەڵێت حیجاب بکە،مەڵێ خێزانەکەم دوورن لە حیجاب ئەزیزم تۆ ببە نامۆ لەناویان و بپۆشە،حیجاب بپۆشە خوشکی شیرینم خەمی تۆمە لە سزای قیامەت،لە جوانیت کەم ناکاتەوە پێم بڵێ لەبەر چی شتێک سفوریت هەڵبژاردوە؟.

نامەردترین کوڕی شار بە دوای کچێکی داپۆشراودا دەگەڕێت پێم بڵێ بۆ کامە هۆکار خودا لە خۆت توڕە دەکەیت؟ئەزیزم بەجدی لێمی وەربگرە ئەمە واجبە واجب.

**خودای گەورە دەفەرموویێت : (يَاأَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لِأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاءِ الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِنْ جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَنْ يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا). (الأحزاب :٥٩)**.واتە: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بڵێ بە هاوسەرانت و بە کچانت و بە ئافرەتانی بڕواداران با عاباکانیان بدەن بەسەر خۆیاندا (خۆیان و جوانیانی پێ داپۆشن) ئەوە نزیکترە بناسرێن (بە داوێن پاك)ی تا بەهۆیەوە ئازار نەدرێن و خودا لێخۆش بووی میهرەبانە.

## پـەیوەنـدی.

مـاری: ئەڤین بۆ خۆشەویستی ناکەیت؟ باسی دین مەکە هەمووومان دەزانین حەرامە شتی تازە بڵێ کە بێ دینەکانیش بڕوا بکەن.

ئەڤین: کام خۆشەویستی؟ئەوەی شەو دەیڵێت و سبەی بیری دەچێتەوە، ئەوەی دەورووبەری هەمووی کچە و کەس ڕەت ناکاتەوە؟.

مـاری: تۆ پێی ڕازییە و ڕێک کەوە لەگەڵی.

ئەڤین: من لە سەرەتاوە بیر لە کۆتایی دەکەمەوە.

مـاری :کۆتایی چی؟تۆ ئێستا ڕازییە و دوو، سێ ساڵی دیکە دێتە داوات.

ئەڤین: دوو، سێ ساڵ؟ئەگەر ڕێک نەکەوت و نەبوو؟.

مـاری: ئێ دیارە ماڵەوەیان ڕازی نابن و بۆیەک نابن یان قسمەت نەبووە ئیدی هۆکاری دیکە نییە.

ئەڤین: بۆیە دەڵێم بیر لە کۆتایی دەکەمەوە ئەگەر کەسێک خۆشی بوێیت سەرەتا بە ماڵەوە دەڵێت کچێک هەیە لە فلانە شارە ئەگەر ڕازی بکەم لەگەڵم دێنە پێشەوە؟نەک دوای سێ ساڵ بڵێت ماڵەوە ڕازی نین با هەر هاوڕێ بین.

ماری: ئەڤین شت زۆر گەورە دەکەیتەوە ئەوەی ناوێت کات بەسەردەبەین و تەواو.
ئەڤین: خودا هیدایەتت بدات.

گیانەکەم ئەگەر دەڵێیت حەرامە و بەس باسی دین دەکەیت لەوە گەڕێ باشە، ئەی تۆ خۆتت خۆشناوێت؟یانی دڵ و مێشکی خۆت دەکەیت بە دیاری بۆ کەسێک کە تەنها لە پشتی کیبۆردەوە تۆی دەوێت؟ئەی خێزانەکەت؟هەرکاتێک پێم دەڵێن خۆشم دەوێیت بیر لەماڵەوە دەکەمەوە و خۆم گێل دەکەم ڕەنگە منیش هەمان هەستم هەبێت بەڵام نایڵێم چونکە ئەگەر ڕاستی بێت یەک مانگ کەمتر بەسە تاوەکو یەک بناسن بە تەواوەتی و دواتر ڕێگەی حەڵاڵ بگرەنە بەر، مەڵێ دیسان هاتەوە سەر دین ئێ گیانەکەم ئەگەر وابکەن ئیتر هیچ بەهانەیەک نامێنێت بۆ بەیەک گەیشتنتان ناڵێن قسمەت نەبو، ئەی دواتر کە ڕۆشت؟چۆن لەگەڵ دڵ و مێشکتدا ئاشت دەبیتەوە؟چۆن دیسان ئەو ناخە ڕوخاوە چاک دەکەیتەوە؟دەزانیت زەمەنێکت پێویستە تاوەکو پارچەکانی دڵت کۆبکەیتەوە؟بۆیە ئەزیزم بە وردی هەنگاو بنێ چونکە ئاسانە بچیتە ناو پەیوەندی خۆشەویستی بەڵام کۆتایی و هەنگاوەکانی دواتری سەختە و پلانی دەوێت.

بۆیە لە منی وەرگرن لەسەرەتاوە بیر لە کۆتایی بکەنەوە با دڵ شکاو و ناخ هەژێن نەبن، خۆشەویستی جوانە بەڵام بە حەڵاڵی جوانترینە، لە نامە بۆی مەنووسە خۆشم دەوێیت بڕۆ ئەڵقە لەدەستی بکە، مەڵێ قسمەت نەبوو بڵێ خۆم نەمویست و هەستەکانم کاتی بوون، مەڵێن ئەڤین مێشکت داخراوە تا گیانەکەم وانیم یەکتان خۆشبوێت بەڵام با ماوەی کورت بێت، بیرت بێ یەکێک شیری خۆڕای هەبێت کڕینی مانگا لە مێشکیدا نییە، بۆیە دەستی ئەڤین بگرەو دڵە جوانەکەت بپارێزە لە گورگەکان، هەرگیز نەکەیت بۆ ڕزگاربوون لە تەنهایی کەسی هەڵە هەڵبژێریت تەنهایی جوانترە لە بوونی کەسی درۆزن و کەم ئەقڵ، هەنگاو هەنگاو لەگەڵ دادە ئەڤینت وەرە پێکەوە ئارامگر دەبین و خودا کۆتاییەکەمان جوان دەکات، ئارامگربە لەپێش حەز و ئارەزووەکانت چونکە شتانێک خودا سزای لەسەر دانابێت چێژ و خێری تێدا نییە.

**پێغەمبەری خودا(ﷺ)دەفەرموویت: (ئەگەر یەکێک لەئێوە سەری بەدەرزی ئاسن کون بکرێت چاکترە لەوەی دەستی بەر دەستی ئافرەتێک بکەوێت کەبۆی حەڵاڵ نییە).**

## واز لەم شتانە بهێنە لەژێر ناوی هاوسەرگیری.

کوڕ:گیانەکەم وێنەیەکی ڕووتم بۆ بنێرە.

کچ:ها دڵەکەم بەس کەی هاوسەرگیری دەکەین؟.

کوڕ: بەسە وازبێنە، هێندە ئەم پرسیارە دووبارە مەکەوە.

کچ: ئاخر دەبێت دڵنیابم من داهاتوویی خۆمم بەستۆتەوە بەتۆوە.

کوڕ:داهاتووی چ؟ ئەوەی وتم نەیکەیت وێنەکانت بڵاودەکەمەوە.

**چۆن هەستێکە ئەزیزم تۆ بەکۆمەڵێ ئومێدەوە خۆتت ڕادەستی کەسێک کردووە و دەبینی ئەوە کۆتا پەیامی ئەوە بۆ تۆ؟.**

ئەزیزم لەژێر ناوی هەر پەیوەندییەک ئەم جۆرە شتانە هەنگاو دەنێت بۆ خۆکوشتن، نەخۆشی دەروونی،

نوقووم بوونی ژیان لەئازاردا ، لەهەمووی گرنگتر لەدەستدانی متمانەی باوک و برا.

دادەی من داوای شتی لەوشێوەیە و  هاوشێوەکانی:

(چونە دەرەوە، وێنە، کامێرا.)هەمووی بەسەر خۆتتدا دەشکێتەوە من تکات لێدەکەم دوورکەوە لەو پەیوەندییەی پێی دەڵێن خۆشەویستی ئەزیزم تۆ ماڵت هەیە ئەوەی تۆی بوێت لە دەرگا دێتە ژوورەوە نەک پەنجەرە.

ئەوجا کاکەی من، ناڵێم تۆ سەری مارەکەیت بەڵام کاتێک هەنگاوت نا بۆ پەیوەندییەکی لەو شێوەیە

 داواکردنی ئەم جۆرە شتانە لە پایی چی؟ بۆ؟ زۆرێک لە کچان ساویلکەن بە قسەی ڕازاوە فریو دەخۆن زۆر بە کورتی پێت دەڵێم ئەگەر ویستت هەر هەڵەیەک بکەیت بەرامبەر هەر کچێک سەرەتا سەیرێکی خوشکەکەت بکە سەیرێکی دڵە جوان و پاکەکەی بکە باشە ئەزیزانم تکایە ئەگەر هەنگاوتان نا بۆ ئەم پەیوەندییە با هەنگاوێکی پاک بێت ، با کۆتاییەکەی یادگاری جوان و ماڵێکی بچووک بێت.

ئامۆژگارییەکی کورتبوو لەمنی وەرگرن بە دڵێکی فراوانەوە.

# تــۆ کاڵا نـیـت.

**پێغەمبەری خودا(ﷺ)**یەکێک لەئامانەتەکانی کەبۆ ئومەتەکەی بەجێهێلاوە ئێمەی کچانین، کاتێک ئێمە ئامانەتی پێشەوایەکین کەواتە ئێمە لە ئەڵماس بەنرخترین و هیچ شتێک ناگاتە ئاستی ئێمە.

ئەزیزەکەم بینیوتە ئەڵماس لەبازاڕی هەڕاج فرۆشان دەست بکەوێت؟.

بینیوتە زێڕ و گەوهەر لەشوێنی تور وتەماتە بفرۆشرێت؟.

ئەگەر من کارگەی ئەڵماست پێشکەش بکەم تۆ کارت بەخودی ئەڵماس چییە؟.

کاتێک کەسێک هەمیشە داوای ئەڵماس دەکات کەواتە لەبەرنامەیدا نییە ببێتە خاوەن کارگەی ئەڵماس.

خودی ئەم چیرۆکەش ئاوایە کەسێک بەڕاستی تۆی بوێت داوای هیچ شتێکی نەشیاوت لێناکات بەڵکو هەوڵدەدات ببێتە خاوەنت، ئەزیزم تۆ گەوهەریت بۆچی خۆت هەرزان فرۆش دەکەیت؟.

بۆچی خۆت دەکەیتە ئامرازێک بۆ تێرکردنی حەزی گورگێک؟.

خوشکە ئەزیزەکەم هیچ وابیرمەکەوە بەم کارانەت زوو هاوسەرگیری دەکەیت یان کەسێکی دروست دەدۆزیتەوە کەسێک بۆ جەستە لەلای تۆبێت دوو ڕۆژی دیکە کەسێکی جوانتر دەبینێت و تۆ دەبیتە ڕابردوو، بیرت بێت پاک بۆ پاک و پیس بۆ پیسە.

**ئەزیزم لەپێناو خێزان و باوک و برا و کۆمەڵگەش نا، بەڵکو لەبەر شکۆ و ڕێزی خۆت دووربە لەناردنی وێنەی نەشیاو، تۆ گەوهەری کۆمەڵگایت، خودی خۆت کارگەی ئەڵماسیت، تۆ کاڵا نیت.**

## هاوسەرگیری.

ماری: فلآنە کچ زۆر بە بەختە مێردەکەی زۆر جوان و کەشخەیە.

ئەڤین: جوانی و بەخت دوورن لەیەکەوە.

ماری:  تۆ هیچت وەک خەڵک نییە، وازلەوە بێنە ئەی پارە زۆریش دەوڵەمەندە.

ئەڤین: ئێ پارەو جوانی بە من چ ئەگەر ئەخلاقی جوان نەبێت، ئایا پارە و جوانی گەرەنتی ژیانێکی هەمیشەیی و بەختەوەرییە؟.

ماری: تۆ سەیری ئەمە ناکەیت مۆدیلی ئەخلاق کوا ماوە؟ ئەخلاق نان و ئاوت نادات ئەوەی جوان بوو و پارەی هەبوو بەبێ بیرکردنەوە پێی بڵێ ڕازیم.

ئەڤین: خودا هیدایەتت بدات.

ئەزیزم بۆ ژیانی هاوسەرگیری ئەگەر جوان و پارەدار بێت ئەوە قسەمان نییە و هەمووی پێی ڕازییە، ئەگەر نەبوو؟ئێ گیانەکەم پارە و جوانی بە من چی ئەگەر خاوەن دین و ڕەوشتێکی جوان نەبێت؟جوانی و پارە بە کەڵکی من نایەت لە هاوسەرگیری، تۆ دەبێت کەسێک هەڵبژێریت هێندە ڕەوشت جوان بێت تا کۆتایی تەمەن

متمانەت پێی هەبێت کە لەژیانتە نەک لە نیوە بڕوات، ئەزیزم تۆ ڕەخنە لە شتانێک بگرە کە خۆی خاوەنێتی وەک دین و ئەخلاق، نەک جوانی چونکە جوانی خودا پێی داوە بەڵام ئەخلاق خۆی خاوەنێتی و دروستی کردووە، هەمیشە بە دوای جوانیدا ڕامەکەن چونکە کاتییە و هەمیشەیی نییە بۆ شتێکی کاتی ژیانی هەمیشەت وێران مەکە، بەدوای کەسێکی ناخ جوان بگەڕێ ژیان تەنها بریتی نییە لە جوانی و پارە، هاوسەرگیری پەیوەندییەکی پیرۆزە لەگەڵ کەسە ڕاستەکە بیکە ئەوجا بۆت دەردەکەوێت جوانی و پارە هیچن، مەڵێ وانییە بەڕاستی وایە چونکە پارە و جوانی کاتین بەڵام ئەخلاق و دین ژیانت هەمیشەی و جوان دەکەن، تکایە بەدوای جوانیدا ڕامەکەن و بەهۆی جوانییەوە خۆتان کوێر مەکەن و هیچ سیفەتێکی خراپی نەبینن،ئەگەر تاکە مەرجی تۆ بۆ ڕازی بوون بەکەسێک جوانی بێت ئەوە جوان زۆرە و هەمیشە چاوت لەشوێن جوانتر دەبێت.

**پێغەمبەری خودا (ﷺ) دەفەرمووێت:**

**( کچەکانتان بدەنە کەسی ئیماندار ئەگەر خۆشی بوێت ڕێزی لێ دەگرێت، ئەگەر خۆشی نەویست زوڵمی لێ ناکات).**

ئەزیزم لەئەنجامدا بابەتەکە تەنها ئەڵقەیەک، جوانی، پارە، نییە بەڵکو تۆ دینەکەت و قیامەتت دەدەیتە دەستی کەسێک بۆیە کەسێک هەڵبژێرە لەخودا نزیکت بکاتەوە و هاوڕێگای بەهەشتت بێت نەک دونیایەکی کاتی.

**بەکورتی...**

**(پـــارە+جـوانـی=هـیـچ).**

**(ڕەوشت جوانــی+ ئیماندار=هـەمـوو شتێک).**

## ئامۆژگاری دایـکێـک.

کچە ژیر و جوانەکەم خاوەن بڕیار و کردەوەی خۆت بـە، سنوور بۆ هەموو شتێک و هەموو کەسێک دابنـێ.

دەگمەن و ئاسان مەبە، با هەمووان نەتوانن تۆیان هەبێت، لەگەڵ تۆبوون مافە و ئەو مافە بەهەمووان مەدە.

خاوەن شـەرم و حـەیابـە بەڵام مەهێڵە مافت بخۆن.

کاتێک لەسەر شەقام دەڕۆیت شانازی بەشەخسیات و کەسایەتیت بکە نەک جوانی و لەرینەوەی جسمت.

خەونی جوان ببینەو بۆیان بجەنگە، پیاوانە هەنگاو بنێ و خانمانە بژی.

هیوادارم خودا هێندە تەمەنم پێبدات تاکو تەمەنی لاوی تۆ و هاوسەرگیریت ببینم.

ئەزیزی دایە، هیوادارم کەسێک هەڵبژێریت سەیری جوانی شەخسیات و ناخی بکەیت نەک قەد و باڵایی.

سەیری ئەو سیفەتانە بکەیت کە لە کەم پیاودا هەبێت ئەویش جوانی ڕەوشتی و ڕاستگۆیی بێت.

سەیری جوانی دڵی بکەیت نەکو گیرفانی.

سەیری چۆنێتی نوێژەکانی بکەیت نەکو قسەکانی.

سەیری زۆری هەیبەت و کەسایەتی بکەیت نەکو شەهادەو پلەکەی.

ئەزیزم کەسێک هەڵبژێرە کەدەگمەن بێت و ئاسان نەبێت و هەمووان نەتوانن هەیانبێت و سەرنجی ڕابکێشن.

# کێ گوتی تۆ ناتوانیت؟.

خەون ببینەوە و هەوڵی بۆ بدە، بخوێنە و ببە خاوەن شەهادەی خۆت، هاوسەرگیری بکەو ژیانێکی جوان دروست بکە، کتێب بخوێنەوە و جوانی و ئارامی لەنێو پەڕەکانی بدۆزەوە.

-تۆ ناتوانیت خێزان بەڕێوەببەیت چونکە خوێندکاریت.

-تۆ ناتوانیت ببیت بەدایکێکی باش.

-تۆ ناتوانیت کتێب بخوێنیتەوە دوای هاوسەرگیری.

-تۆ شکست دێنیت لەخوێندن دوای هاوسەرگیری.

-تۆ خوێندن و هاوسەرگیریەکەشت لەناو دەبەیت پێکەوە.

کێ گوتی تۆ ناتوانیت هەموو ئەوانە بکەیت؟.

کێ گوتی تۆ تەنها دەبێت یەکێک لەوانە بکەیت و ئەوانی دیکە بۆ کات و ساتێکی دیکە لێبگەڕێیت؟.

ئەزیزم ڕەنگە ئەوە بۆ ئەوان سەخت و دژوار بێت نەک بۆ تۆ، واز لەجوانییەکانی ژیانت مەهێنە لەبەر قسە و قسەڵۆکی خەڵکی، هەنگاو بنێ و ژیانت ڕەنگاو ڕەنگ بکە.

هەوڵبدە و ماندوو مەبە، **"تۆ کاپتنی ژیانی خۆتیت و کەشتییەکە لەژێر کۆنتڕۆڵی تۆدایە".**

**کەواتە بە بەهێزی و جوانی سەهۆڵ لێبدە و ژیانێک دروست بکە دوور لە قسە و قسەڵۆکی خەڵکی دوور لەوشەی "تۆ ناتوانیت".**

## بزانە شوێنکەوتەی کێیت؟.

مــاری: زۆر دڵخۆشم بەبوونی ئەم سەردەمە مۆدێرنە و ئێمەی کچان زۆر قەدرمان دەگیرێت و لەئاستی کچانی ئەوروپاین و ڕۆژی تایبەتمان بۆ دانراوە و زۆر پێشکەوتوین و شوێنکەوتەی مۆدێلی سەردەمیانەین، چەندین بۆنە و ڕۆژمان بۆ دانراوە و ڕێزمان لێدەگرن.

ئەڤین: بەڕاستیتە؟یانی زۆر دڵت بەوە خۆشە؟کام ڕێز؟کام پێشکەوتن؟ئەوەی کەخۆشەویستی ڕاستی نەما و ڕۆژێکیان بۆ هێناین و ناویان لێنا ڤالانتاین وخۆشەویستی حەرام و ئارەزوویان تێکەڵکرد و جوان و شیرینیان کرد لەپێش چاوتان.

ئەوەی کەڕێزی ئافرەتیان نەهێڵاو بەناوی مافی ئافرەتەوە کچیان لەژێر دەستی باوک، برا، هاوسەر دەرهێناو بە جلێکی نیمچە ڕووتەوە خرانە سەر شەقامەکان و ڕۆژێکیان بۆ هێنان ناویان لێنا ڕۆژی ئافرەت.

ئەوەی کەڕێز و شکۆی دایک نەما و خرانە خانەی پیری و ڕۆژێکیان بۆمان هێنا ناویان لێنا ڕۆژی دایکان.

**لەلای ئێمە ڕۆژ بۆ خۆشەویستی و ئافرەت و دایک نییە بەڵکو هەموو کاتێک زێڕن، شکۆن، پایە بەرزن، گەوهەرن، هۆی هۆشیاری خێزان و کۆمەڵگەن،** ئەمەیە دەستووری ئەوروپی کە دڵت پێی خۆشە؟وەرەوە هۆش خۆت شوێن دین و پێشەواکەت بکەوە ڕێوڕەوی دایکە عایشە بگرەبەر نەک دەستووری ئەوروپی، ئەمەی تۆ شانازی پێوە دەکەیت من شەرمەزارم پێی، تۆ خاوەنی ڕێز و شکۆیەکی بێ سنووری لەئاینەکەتدا پێویستت بەدانانی ڕۆژێک نییە بۆ ئەوەی خۆشەویست و خاوەن ڕێزبیت.

# هەنگـاوێـک پێش زانــکۆ.

- زانکۆ شوێنی پێگەیاندنی کۆمەڵێک مرۆڤی ڕۆشنبیرە و کۆکردنەوەی زانیاری لەو بەشەی دەخوێنیت تاوەکو دوای تەواو بوون کار بە ئەزمون و بەهرەکانت بکەیت.

-کچی ئازیز تۆ بۆ خوێندن لەوێیت زانکۆ کارگەی بەرهەم هێنانی جلوبەرگ نییە  و شوێنی نمایشکردن نییە تاوەکو هەر ڕۆژێک جلێکی نوێ لەبەر بکەیت و بڵێیت نابێت جلی دووبارەم هەبێت بۆ گیان خۆ مۆدێل نیت؟، ئەزیزم وریابە چی جۆرە جلێک دەپۆشیت دووربە لەجلی تەنک، کورت، کراوە، تەسک، بۆ پیشاندانی جوانیت بۆ چەند سەعاتێک خۆت گوناهبار مەکە و خودا لە خۆت تورە مەکە و خۆت مەکە جێی سەرنجی لاوان و مەبە هۆی لادانی گەنجان مەڵێ من هەقم چییە و با کوڕان چاویان بپارێزن دەزانم لەسەر ئەوانیشە چاویان بەدووربگرن لە نامەحرەم بەڵام هەندێک کات مرۆڤ لاوازە و دەبێتە دیلی ئارەزووەکانی بۆیە با تۆ ئەو هۆکارە نەبیت، خەمی ئەوەت نەبێت جلەکانت دووبارەن خەمی ئەوەت بێت کە جلەکانت تا چەند شیاون و خودا لێی ڕازییە.

-کچی باش هەموو شتێک قسمەتە بەڵام نەکەیت بەنیازی دۆزینەوەی کوڕ بچیتە زانکۆ خۆ نوسینگەی هاوسەرگیری نییە ڕەنگە لەوێ هاوبەشی ژیانت بدۆزیتەوە بەڵام نەکەیت بەنییەتی پیسەوە سەیری کوڕی خەڵک بکەیت بیرت بێت پاک بە تاکو پاک ببێتە قسمەتت.

-کچی ئازیز بەناوی ئاهەنگی یەکتر ناسین و کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، تێکەڵاوی نامەحرەم مەبە گوێیان پێ مەدە کە پێت بڵێن: ناڕۆشنبیرە یان گۆشەگیر گوتنی ئەوانە باشترە لە بەژداری کردن لە شتانێکی بێ مانا و حەرام.

-کاتێک لەماڵەوە نانت خواردووە و تێریت پێویست ناکات بۆ خۆ نواندن یاخود لەبەر قسەی هاوڕێ هەمیشە لە کافتریا بکەوێت و شەرم مەکە بەپێی گیرفانی خۆت مەسرەف بکە و شتانێک مەکە کە لەئاستی تۆدا نین چونکە هەژاری عەیب نییە، عەیبە ئەوەیە بەهۆی ڕەفتارکردن وەکو خەڵک بکەویتە ژێر قەرزەوە.

-با هەمیشە بەرماڵێکت پێ بێت و نوێژەکانت لەکاتی خۆیدا بکە نەکەیت بەهۆی سەرقاڵ بوون و گفتوگۆی هاوڕێیانەوە نوێژ و یادی خودا لەبیربکەیت.

-دووربە لەوێنە و فیدیۆ گرتن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر.

-ڕێزی هەمووان بگرە لەوێ چونکە گەشتووی بەو تەمەنە جوان نییە وشەی نەشیاو و ڕەفتاری نەشیاوت هەبێت.

-نازانم تۆ کە ئەمە دەخوێنیتەوە لە چی ئاستێکی مادیدایت؟ بەڵام هیچ کاتێک پۆز بە پارەی گیرفانت لێمەدە بەسەر کەسانی دیکەدا و خۆت دوور مەگرە لەوانەی حاڵی ماددیان باش نییە و هاوڕێیەتی مەکە بەپێی گیرفانیان بەڵکو هەمیشە سادەبە و بیرت بێت **پێغەمبەری خودا(ﷺ)فەرموویەتی:**

**(هەرکەسێک لەدڵی خۆیدا خۆی پێ گەورەبێت،لە ڕۆشتندا کەشخە و فیز بکات کاتێک دەگاتەوە بە خودا ،خودا لێی توڕەیە).**

**-بیرت بێت کارێک نەکەیت خودا و خێزانەکەت لەخۆت توڕە بکەیت.**

## هەنـــگاوێک پێش داخـــلی.

-ئەگەر لەزانکۆیت چوار ساڵە چوار خولەک متمانە بەکەس مەکە، ئەگەر لە پەیمانگایت دوو ساڵە دوو خولەک متمانە بەکەس مەکە.

-مەڵێ لە ژوورەکە تەنها کچین بەهیچ شێوەیەک بەجلی نیمچە ڕووتەوە هاتووچۆ مەکە، چونکە تۆ نازانیت چی لەدڵ و مێشکی کەسی بەرامبەرە و ڕەنگە وێنە و فیدۆیەکی تۆ بەو شێوەیە ژیانت وێران بکات و سیقەی ماڵەوە لەدەست بدەیت، هیچ شتێک شایەنی ئەوە نییە لەم دونیایەدا کە سیقەی خێزانتی بۆ لەدەست بدەیت.

-هیچ کاتێک تێکەڵ مەبە و بچیت بۆ شوێنی دوور و تێکەڵی ڕەگەزی بەرامبەر بیت بەناوی خوانی داخلی.

-بۆ هەرکوێ چوویت لەدەرەوەی داخلی جلی پۆشتە بپۆشە چونکە ئەو کاتە خودا لێت ڕازییە و لەژێر چاودێری خودادایت با هەمیشە تاجی شانازی لەسەرت بێت مەبەستم حیجابەکەتە ئەزیزم.

-نەکەیت بەقسەی ڕازاوەی کچانی ژوورەکەت جلی تەسک و کورت بپۆشیت و واز لە جلە باڵاپۆشییەکەت بهێنیت لەژێر ناوی کەشخەیی و جوانی، تۆ بەهەموو شێوەیەک جوانی کچەکە گیان.

-نەکەیت کێشەی خێزانت ببەیتە ناو کچانی داخلی چونکە تۆ بۆ خوێندن لەوێیت نەک چارەسەری دەروونی، هەوڵبدە لایەنی ژیانی تایبەتیت نەزانن چونکە ڕەنگە شتێکی گاڵتە ئامێز بێت لەلای ئەوان خۆ هەموو کەسێک مرۆڤ نییە.

-هاوبەشی کەلوپەلت لەگەڵ کەس مەکە لەژێر ناوی هاوکاری چونکە هەر کێشەیەک دروست بێت کە بەو کەلوپەلەی تۆ کردوویەتی ئەوا تۆ تاوانبار دەبیت، بەڵکو لەجیاتی ئەوە بە پارە هاوکاری بکە ئەگەر توانیت.

-لەکاتی شت کڕین بۆ خوانی داخلی هیچ شتێک هەڵمەبژێرە و بەتەنها و بڕیارمەدە ڕەنگە کەسێک لە ئێوە هەژار بێت و ئەو بڕە پارەیی پێ زۆر بێت کەبەری دەکەوێت و هیچ کاتێک مەڵێن با خوانی

ڕۆژانە بکەینە نۆرە چونکە لەوانەیە دانەیەک توانایی نەبێت و هەست بەکەمی و شکان بکات.

-نەکەیت لەژێر ناوی هاوسەرگیری و بینینی هاوژوورەکەت کە هاوڕێی کوڕیان زۆرە پەنا بۆ هاوڕێیەتی کوڕ ببەیت ئەوەی تۆی بوویت بەدایکی دەڵێت نەک بتکاتە سەردێری هەواڵەکان لەناو هاوڕێکانی.

-یاسای یەکەمت بیربێت، متمانە مەکە، دواتر هیچ شتێک شایەنی ئەوە نییە ماندووبوونەکەی باوکت و دایکت بەفیڕۆ بدەیت، چونکە ڕەنگە هاوڕێی خراپ هەڵسووکەوتت بگۆڕن وەک چۆن

**پێغەمبەری خودا(ﷺ)فەرموویەتی:**

(**مرۆڤ لەسەر دینی هاوڕێکەیەتی** )، من متمانەم بە تۆیە کچی جوان دەزانم ئاقڵ و ژیریت و خودا و ماڵەوە لەخۆت زیز ناکەیت.

# سۆشیاڵ میدیا.

**سۆشیاڵ میدیا هەستیارە** و دەبێت بەوریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت هەستیارترینیان ئەپی سناپە

ئەگەر بەژیری و وریاییەوە بەکاری نەهێنیت ئەوە لەکێشەیەکی بچووکەوە بێ ویژدانانە لەناوت دەبات، ئەزیزم جیهانی سۆشیاڵ میدیا بێبەزەییە زۆرێک هەیە بۆ گەیشتن بەحەز و خولیاکانی لەپشتی کیبۆردەوە وەکو مەڕێک خۆی پیشان دەدات بەڵام ناخ و دڵی ژێردەستەی شەیتانە، ئەزیزەکەم بەچی هۆکارێک نەناسراو دەهێنێتە ناو ئەکاونتەکەت و چاتی لەگەڵ دەکەیت؟.

**بۆ ڕزگاربوون لەتەنهاییە؟.**

**بۆ کات بەسەربردنە؟.**

**بۆ دەستکەونتی سۆز و خۆشەویستییە؟.**

**بۆ دۆزینەوەی کەسێکە لێت تێبگات؟.**

ئەزیزم تۆ بیر لەکۆتاییەکەی دەکەیتەوە؟.
دەزانیت کۆتایی چیرۆکەکە چۆنە؟.

ڕۆژانە گوێمان لەهەزاران هەواڵ دەبێت کەتووشی کێشەی شەرەف بوونە، سەرەتا وەک ڕاوچییەکی نامەرد نزیک دەبنەوەو خۆیان بەمتمانە پێکراو پیشان دەدەن، دواتر داوای چوونە دەرەوە و وێنەی نەشیاو دەکەن.

**ئەی دواتر چی؟.**

دواتر بوونی نییە، دواتر باوک و براکەت کەتۆیان کردبوو بە شاژنی ماڵ و جێگەی متمانە واسەریان شۆڕ بووە و لەبەر کێشەی ناموس نازانن ڕوو لەکوێ بکەن؟ دواتر تۆ دەکوژرێی یان حاشات لێدەکرێت.

ئەزیزەکەم بیرت بێت  ئەوەی تۆی بوێت لەپەنجەرەوە بۆت نایەت و داوای شتی نەشیاوت لێناکات.

خوشکە بەڕێزەکەم وریابە لەو جۆرە کەسانە و بیزانە **ڕاوچی لەکاتی ڕاو زۆر بەهێمنی و لەسەرخۆ هەنگاو بۆ لای نێچیرەکەی دەبات بەڵام کۆتاییەکەی مردنە.**

چیرۆکی تۆش بەو شێوەیەیە، پێش ئەوەی هەنگاو بۆ ئەو کارانە ببەیت، بیر لە متمانەی باوک و براکەت بکەوە.

## لەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵایەتی بـــە.

**-ناڵێم تێکەڵی هەمووان بـە بەڵکو هەموو شتێک بەئاسایی وەربگرە.**

-کاتێک کەسێک پێت دەڵێت:
(دڵەکەم،گیانەکەم،چاوەکەم)وایدامەنێ تایبەتی بۆی و هەست بکەیت بەشێکی لەژیانی ئەو زۆر کەس شێوەزاریان وایە بۆ هەمووان تەنها تۆ نیت.

-کاتێک ڵایکی بۆ ستۆری و پۆستت کرد مەڵێ ئاشقم بووە ڕەنگە تەنها لەگەڵ ژیانی ئەو گونجابێت تێکستەکەت و بە فۆلۆ ناردنێک چاتی قبوڵ مەکە تۆ سەنگین و گران بەهاییت چیت داوە لەناسینی ئەم و ئەو؟.

-وێنەکانت:ئامان کچە جوانەکە بەناوی ئەکاونتی داخراو و تایبەتییەوە وێنەی خۆت لەپڕۆفایل دامەنێ و بڵاوی مەکەوە چونکە جیهانی ئێرە متمانەی پێناکرێت مەڵێ ئازادم و ماڵەوە متمانەیان پێمە من شانازیت پێوە

دەکەم کە ماڵەوەتان متمانەیان پێتە دەی منیش دەمەوێت پارێزگاری لەو متمانەیەت بکەم ئەزیزم.

-بەناوی هاوڕێیەتی و پەیوەندییەوە داوای وێنە لەکەس مەکە مەڵێ خۆ کچ نییە و ئاساییە کوڕە، ئەزیزم وایە کوڕە بەڵام حەڵاڵی تۆ نییە دەبێت تۆش وەکو پیاوان چاوت بپارێزیت لە نامەحرەم.

-بە ستۆرییە دڵخۆشەکانی کەس خەمبار مەبە و بێ ئومێد مەبە لەژیانی خۆت، هیچ کەسێک خەمی خۆی بڵاو ناکاتەوە بۆیە هەمووان مافی خۆیانە ساتێک دڵخۆشبن و شەیری بکەن لەگەڵ دۆستەکانیان.

-وەکو بەرگری کردن لەدین خۆت دەرمەخە و وتە و قورئان بڵاو بکەیتەوە بەدەنگی خۆت چونکە ئەوان بۆتۆ نامەحرەمن و هەردوولا تاوانبار دەبن، بەڵکو دینەکەت بگەیەنە بەکردار و ڕەوشتی خۆت نەک فیدۆ و وێنەی تیکتۆک.

**پێغەمبەری خودا(ﷺ)فەرمووی:**
**(دینەکەم بگەیەنن بەبێ دەنگی، فەرموویان چۆن ئەی پێغەمبەری خودا؟.**
**فەرمووی بەڕەوشتتان ).**

-نارەزایی لەهیچ شوێنێک دەرمەبڕە کە کوڕان وازت لێناهێنن و بۆت چارە بکەن تۆ خانم و پێگەیشتوویت و لەئاستی ئەو نەزانانە نیت کۆمپانیا شتێکی داناوە بەناوی بلۆک نەک هەزار کوڕ دوو هەزاریش هاتنە چاتت بلۆکیان بکە ڕاستی من بلۆکیش بە شیاویان نازانم بەڵام بۆ ئاسوودەیی خۆت تۆ بلۆکیان بکە.

-وەسفی دایک و باوکت لەستۆری و پۆست دامەنێ هەندێک کەس لەو سۆزە بێبەشن، باخۆشەویستی ئەوان لەکردارت هەبێت، لە میهرەبانی بۆ دایە گیانت و دڵسۆزیت بۆ باوە گیان.

-دووربە لەوەی بە کۆمێنت و قسەکانت لەپشت کیبۆردەوە کەسێک ئازار بدەیت هەمووان شایەنی هەڵەن تۆ مەبە بە دادوەر بۆ ئەم خەڵکە.

-تا بەردەوام بم لەنووسین دێرەکان دەبنە هەزار و
تەواو نابن بەڵام لەکۆتاییدا دەڵێم بەجۆرێک
بەکارهێنەری سۆشیاڵ میدیابە کە ویژدانت ئاسوودەبێت
نەکو کاتێک دەچیتە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە هەموو
ئەکاونتەکانت دەگۆڕیت چونکە ڕابردووی
بەکارهێنانت خراپە ئەوە لە مرۆڤەکانت شاردەوە ئەی
لەخودا؟.

**خودای گەورە دەفەرموویێت:**

**(إن الله كان عليكم رقيبا).**

**واتە: بەڕاستی خودا هەمیشە و بەردەوام چاودێرە بەسەرتانەوە.**

**هەروەها دەفەرموویێت:**

**(يوم تشهد عليهم السنتهم وأيديهم وأرجلهم بما كانوا يعملون).**

**واتە: لەرۆژێکدا کەرۆژی قیامەتە زمان و دەست و قاچیان، شایەتیان لەسەر دەدەن بەو کردەوە خراپانەی کە لەدونیادا ئەنجامیانداوە.**

# کچ بــوونت خۆشبـوێت.

خـۆزگەی کوڕبـوون لە زاری زۆر کچەوە دەبیستم
دەکرێت بزانم بۆ چێژی ژیان لە کوڕێتیدا دەبینن؟.
بۆ هێندە کچبوونتان لەلا مەحاڵ و سەختە؟.
لە دیدەی کوڕەوە ژیان هێندە سانا نییە.
کاتێک کەکوڕ بوویت خەمەکانی دڵت هەمە جۆرن.

خەمباریت کاتێک دەچێتە دەرەوە و سەیری گیرفانی بەتاڵت دەکەیت و ئاخێک هەڵدەکێشیت، خەمباریت کە ناتوانیت بڵێیت دایە بۆ ئێوارە چی دروست دەکەیت بۆت بهێنم؟.
یان سەیرێکی خوشکت بکەیت و بڵێیت ئازیزی دڵی برات ئەو عەزییەی لەلات جوانە کامەیە بۆت بهێنم؟.
بڵێیتە خێزانت چ دیارییەکت دەوێت بۆت بهێنم؟.
دەستێک بهێنی بەسەر برا بچوکەکەتدا و بڵێیت ئەزیزم چی دیارییەکت لەلات پەسەندە بۆت بهێنمەوە؟.

هەمووی بەئازارتر دەبینن باوکیان دەستیان قلّیشاوە لەبەر ئیشکردن بەڵام ناتوانێت بڵێت بابە تۆ ئاسوودەبە من بەتەنها هەمووی لە ئەستۆ دەگرم، تۆ پشووبدە من بەکارەکان ڕادەگەم.

بینیت ئەزیزم؟ کوڕبوون پیاوی خۆی دەوێت

هێندە سەیری ژیان مەکە لە دیدەی کوڕ بوونەوە.

کوڕبوون واتە لە دەریایەکدا هەوڵی ڕزگاربوون بدەیت بە بەلەمێکی بچووکەوە، کچ بوونت خۆشبوێت و خۆزگە بەکوڕبوون مەخوازە، بەو شتانە تێمەکەوە کەبەر دیدەت دەکەون، کوڕان پڕن لەئازار و سەختی بەڵام دەرینابڕن.

# وێزگەکەت هەڵەیە.

لەتەمەنی شەش ساڵییەوە پێکەوە بـووین، وەکو خێزانێکمان لێهاتبــوو بەڵام دوای تێپەڕاندنی قۆناغی ئامادەیی و چوونە قۆناغی دواناوەندی شتەکان گۆڕان وردە وردە گەورەبـووین و هەل و مەرجی ژیان لەلای ئێمە وابـوو کچ لەتەمەنی16ساڵیدا گونجاوە بۆ هاوسەرگیری ئەگەر ڕوونتر بڵێم تەنها لەگەڕەکی ئێمە وابـوو پێیان عەیب بـوو کچ تەمەنی بچێتە17ساڵی لەماڵەوە بمێنێتەوە بەڵکو دەبوو خاوەنی مێرد و ماڵی خۆی بوایە، گەشتینە پۆلی11 مەیلی هاوسەرگیری کرد و وازی لەقوتابخانە هێنا، لێماندابـڕا، گەشتینە کاتی تاقیکردنەوەی کۆتایی وەرزی پۆلی11 فاتیمەش دەستبەرداری خوێندنەکەی بـوو نازانم هۆکار چیبـوو زۆرەملێ بـوو یان ئارەزووی خۆی، ئاخر ئەو زۆر حەزی لە خوێندن بـوو هەمیشە دەیگوت دەمەوێت کۆلێژی پزیشکی بەدەست بهێنم و هاوکاری باوکم بکەم تاکو ئەرکی سەرشانی ئاسان بکەم چونکە برام نییە و من کچی گەورەی ماڵەوەم دەمەوێت ببمە کوڕی باوکم و تەنهایی نەکەم لەناو ئازاری ژیاندا، هەرچەندە نیگاکانی ئەوەیان ڕوونکردنەوە کە بەناوی هاوسەگیری وازلەخوێندن بهێنێت چونکە

هاوسەرگیری گرنگترە لەخوێندن، بەنیگایەکی خەماوییەوە کتێبەکانی ڕادەستی بەڕیوبەر کرد و ماڵئـاوایی لێکردین.

تاکو گەشتینە قۆناغی دووی کۆلێژ هاوڕێکانم ژمارەیان کەمدەبـوویەوە(دونیا، لەنجە، ئیمان، سارا، هتد...)هەموویان دەستبەرداری خوێندن بوون و هاوسەرگیریان کرد نازانم بەدڵی خۆیان بوو یان نا بەڵام گرنگ دابڕاین و یەکمان نەبینیەوە.

وردە وردە نائومێدی دایدەگرتم، بۆچی هاوڕێکانم هەر لەقۆناغی ئامادەیی داواکاریان هەبوو بەڵام من نا؟.

بۆچی هەموویان هاوسەرگیریان کردووە، دەستگیراندارن، یان کەسێکیان هەیە خۆشی دەوێن و بەنیازن داهاتوویەک پێکەوە دروست بکەن.

گەشتینە قۆناغی چواری زانکۆ و خوێندن بۆ هەمیشە کۆتایی هات و تێمانپـەڕاند، منیش ژیانم دووبارە لەماڵەوە دەستی پێیکرد، تەمەنی لاویم وردە وردە تێدەپەڕێ ئێستا وادەبـمە35ساڵ بەڵام ژیانی من

لەڕێگای خۆی بەردەوامبە و گۆڕانکاری بوونی نییە، جار جار گوێم لەقسە و قسەڵۆکی جیران و خزمان دەبوو بەقەیرە ناویان دەهێنام، هەستم بەخەم و پەژارەیەکی زۆر دەکرد چونکە خێزانەکەم بەو قسانە خەمباردەبـوون.

ڕۆژێک یەکێک لەجیرانەکانمان هاتە ماڵمان دوای ئەحواڵ پرسین و چا خواردنەوە گوتی بۆ بابەتێکی خێر هاتووم و کوڕێکی خزممان بەنیازی هاوسەرگیریە و 3ساڵ لەکچەکەی تۆ گەورەترە بەبێ بیرکردنەوە و دوو دڵی گوتم بابێنە پێشەوە بێ ئاگا لەوەی هەنگاو بۆ ناو ئاگر دەبەم، لەبەر حەزێکی زۆرم بۆ هاوسەرگیری ئەو کارەم نەکرد بەڵکو ویستم خێزانەکەم لەبیستنی ئەو قسانە ڕزگاربـکەم، مارەبڕینمان کرد و خەریکی ئامادەکاری بووین بۆ گواستنەوە بەڵام نەبوو و پەشیمان بوونەوە خێزان و خزمی کوڕەکە بەردەوامبـوون لە بۆڵە بۆڵ و دەیانـگوت ئەمە وا تەمەنی35ساڵی تێدەپەڕێنێت و پیربـووە، دوو ساڵی دیکە بەتەواوی پیردەبێت، ژیان لەگەڵی چۆن دەگوزەرێنێت؟.

بەهەرحاڵ ئەم قسانە زۆر کران و نەبڕانەوە، پەیوەندییەکە کۆتایی هات، وەکو دەڵێن قسەی ڕەق و ڕوخێنەر بەردیش ورد دەکات، ئیتر چۆن مێشک وبڕیار ناگۆڕێت؟.

خەم و نائومێدییەکانم بووە دوو هێندە جاران هەر وشەی قەیرە بووە ئێستا تەڵاقدراویشی هاتە پاڵ، خودایە خۆت باری سەر دڵم ئاسان بکەیت.

ڕۆژی هەینی بوو بەدایکمم گوت دەچمە مزگەوت ئەم هەینییە و دەمەوێت کەمێک لەماڵ دوورکەومەوە، دوای تەواوبوونی نوێژ دەستکرا بەخوێندنی نزای هەینی لەگەڵ گوتنی یەکەم دێر دڵم پڕبـوو، چاوەکانم دەستیان کرد بە بارین، گریانێک بەرۆکی گرتم نەمتوانی ڕێگری لێبکەم، لەناکاو دایە حاجییەک لەتەنیشتم دانیشت و دەستی لەسەر شانەکانم دانا و گوتی نازانم هۆکاری ئەم گریانە بەکوڵەت چییە بەڵام دڵنیابە خێرێکی گەورەی بەدواوەیە چرپاندی بەگوێمدا و گوتی( فإن مع العسر يسرا ).

**لەدوای هەموو ناخۆشییەک خۆشی دێت.**

واهەستم کرد یەکەمجارە گوێم لەو ئایەتە دەبێت، زیاتر گریام دواتر فرمێسکەکانم سڕی و بەخۆمم گوت: خودا دەیزانێت من نایزانم، خودا ئاگەدارە و من ئاگادارنـیم، خودا پلانی ژیانم دەزانێت و من نازانم، بۆیە لەو ساتەوە هەموویم بەخودا سپارد و دڵنیابووم کە خودا بەڵێنی خۆی دەباتەسەر و خۆشییەکی نەبڕاوە پاداشتی ئەم خەمە درێژخانەیە.

ویستم بچمەدەرەوە کەسێک بانگی کردم، پێم سەیربـوو!ئاوڕم دایەوە کێم بینی؟مەیلی هاوڕێی دواناوەندیم دوای ئەحواڵ پرسین و باسێکی کورتی ڕابردوو و وەرگرتنی ژمارەی یەکدی، گوتی لەگەڵ هاوسەرت هاتووی؟.

گوتم نا جارێ هاوسەرگیم نەکردووە، گوتی زۆر باشە دواتر قسە دەکەینەوە.

دوای چەند ڕۆژێک تێلی بۆ کردم و گوتی برا گەورەکەم بەنیازی ژن هێنانە و ویستت لەسەری بێت دێینە پێشەوە، ڕازی بووم چونکە دەمزانی بنەماڵەیەکی خوداناسن، مارەبڕین کرا و گواسترامەوە، دوای تێپەڕبوونی 6مانگ قسەو دەنگۆی ناخۆش بڵاوبوونەوە کە ئەم کوڕە جوان و خاوەن پیشەیە بۆ کچێکی هێندە

گەورەی هێناوە کەناتوانێت منداڵیشی ببێت، بەهاوسەرەکەمم گوت دەمەوێت سەردانی پزیشک بکەین تاکو هۆکاری دووگیان نەبوونم بزانم، چووینە لای دکتۆر و گوتی ببورە ناتوانم پشکنینی دیکەت بۆبکەم چونکە دووگیانیت، لەخۆشیدا فرمێسک لەچاوم هاتە خوارەوە، پاشان دکتۆرەکە گوتی دەبێت دووجار پیرۆزبایت لێبکەم چونکە دوو کچت دەبێت.

**خەمێکی 36ساڵە کەپێم وابوو کۆتایی نایەت خودا بەمانگێک شوێنی پڕکردەوە بەخۆشییەک کەپێناسە ناکرێت.**

**-ئەزیزم** ناخۆشییەکان کۆتاییان دێت و ئاواتەکانت دێنە دی بەڵام بەپێی کات و ویستی خودا نەک ئارەزووی تۆ، خۆت بەراورد بەکەس مەکە، وێزگەی هەمووان جیاوازە، هەوڵمەدە لەوێزگەیەکی هەڵە چاوەڕوانی شەمەندەفەرەکەت ببیت چونکە سەرەنجامی هەر گەڕانەوەیە بۆ وێزگەکە، خودا پلانی ژیانتی داناوە دوو دڵ و خەمبار مەبە لەوێزگەکەی خۆت بەئارامگرییەوە چاوەڕوان ببە، بەخودای بسپێرە شەمەندەفەرەکەت هەر

دەگات، گرنگ کات و سات نییە چونکە خودا لەکاتی گونجاودا خۆشییەکانت بەسەردا دەبارێنێت.

**خودای گەورە دەفەرمووێت:**

**( ولسوف يعطيك ربك فترضى).**

**واتە: لەئاینەدەدا پەروەردگارت ئەوەندە ناز و نیعمەتت پێدەبەخشێت کە زۆر پێی ڕازی دەبیت.**

## بەشی دووەم.

## پیاوسالاری+پەیامێک.

# پیاو سالاری.

لەناوەڕاستی مانگی دووداین، زستانێکی سەختە، باران بەلێزمە دەبارێت، دایکم لەکۆتا ساتەکانی دووگیانیدایە

سوکە ژانێکی هەیە، باوکم لەبازاڕ بـوو، ئێمە لەگەڵ ماڵی میم جەیران زۆر تێکەڵاو بووین بەجۆرێک هەندێک جار باوکم لەماڵ نەبوایە دەچووینە ماڵی ئەوان، چونکە ئەوانیش تەنهابـوون.

میم جەیران تەنها کچێکی هەبوو، پێش ئەوەی ئەو ڕووداوەی بەسەر بێت خاوەنی سێ کوڕ بوو.

ئەو کاتەی بەکچەکەی دووگیان بووە هاوسەرەکەی و سێ کوڕەکەی بەتەقینەوە گیانیان لەدەست داوە، ئێستاش بەدەنگی بەرز ڕادەچەڵەکێت و بیرەوەری ناخۆشی لەگەڵیدا هەیە.

وردە وردە دایکم ئازاری زیاد دەبوو، ڕەنگی تێکچوو، ئێمەش تەنها دوو خوشکین، لارین خوشکە

بچووکەکەمە تەمەنی8ساڵە نەمدەزانی چیبکەم، گوتم با بڕۆینە ماڵ میم جەیران تاکو باوکمان دێتەوە، وردە وردە دایکمان بەئازارەوە بردە ماڵی میم جەیران، چاوم لەسەر چرای ژوورەکە بوو کە خەریک بوو خامۆش دەبوو، لەگەڵ خامۆش بوونی چراکە ئازاری دایکم زیاتر دەبوو، هاواری لەناو گوێمدا دەزرنگایەوە، هیچ مامان و پەرستارێکیش نەک لەکۆڵانەکەمان بەڵکو لە گەڕەکەکەمانیشدا نەبوو، چونکە لەلای ئێمە یاسا وابـوو کچ دەبێت تەنها لەماڵەوە بێت.

ئازاری دایکم لەسنوور تێپەڕی، میم جەیران گوتی ئاوی گەرم و خاولیم بۆبێنن من دەبمە مامانی ناکرێت لەناو ئەم ئازارە بیهێڵینەوە، ئێمە ژوورەکەمان بەجێهێڵاو هاتینە دەرەوە، نازانم بۆ لەبری چراکە من خامۆش بووم؟.

دانیشتم و ئەژنۆم لەباوەش گرت، گوتم خودایە دایکمان پێبدەوە، ئێمە بێ چرا مەکە لەم ژیانە.

هاواری دایکیشم بەردەوامبـوو، باوکم لەدەرگایداو هاتە ژوورەوە، چونکە دەیزانی ئەگەر لەماڵ نەبین تاکە

شوێن بۆی بچین ماڵی میم جەیرانە، بەبینینی ئێمە و بیستنی هاواری دایکم ڕەنگی تێکچوو و ڕایکرد بەرەو هۆڵەکە گوتی ئاخر پزیشکێک نەبوو بیهێنن؟.

بۆچی هیچ پزیشکێک لەم گەڕەکە نییە؟.

بەس با هاوسەرەکەم ڕزگاری بێت یەکەم کارم ئەوەیە سبەی بچمە شارەوانی و سکاڵا تۆماربکەم.

کاتژمێرێک تێپەڕی و دەنگی گریانی منداڵ هاتەبەر گوێمان، میم جەیران هاتەدەرەوە و منداڵێکی بچووکی لەباوەش بوو ڕومەتەکانی دەتوت گێلاسن هێندە پەمەیی بوو، وتی کچتان بووە زۆر دڵخۆشبووین باوکم بەپەلە ڕایکرد و لەباوەشیکرد، گوتم ئەی میمی دایکم چۆنە؟ بۆ هیچ دەنگی نییە؟ لەهۆش خۆی چووە وایە؟.

بەڵام هیچی نەگوت، بێدەنگییەکەی و چاوەکانی هەموو شتێکیان گوت بەڵام نەمویست بڕوابکەم، وردە وردە لەهۆڵەکە چوومەوە دەرەوە و لەناو حەوشە دانیشتم

نم نم باران بەسەر ڕومەتەکانمدا دەهاتنە خوارەوە، هەندێک خەم هەیە مرۆڤ لەدەستی هاوار دەکات و فرمێسک لەچاوەکانیدا وەکو ڕووبار خۆڕە دەکات، بەڵام ئازاری گەورە مرۆڤ لاڵ و بێدەنگ دەکات، دەمویست بەهاوارێک و کەمێک گریان خەمەکەم دەرببڕم بەڵام بێدەنگی منی داگیرکرد، گوێم لەگریانی ئەوان بوو لەژوورەوە، خوشکە بچووکەکەم هاواری دەکرد دادە وەرە مەهێڵە دایکم ببەن، دادە بۆ بێدەنگی دە وەرە شتێک بکە، دەنگی گریانی خوشکە تازە لەدایکبووەکەشم بەرگوێ دەکەوت.

سبەی هەمووان کۆبوونەوە و سەرەخۆشیان دەکرد، ناخم وەک بورکان بڵێسەی دەهات، وەک ئاگر دەسووتام.

چوومە ناوەڕاستی هەمووان و هاوارم کرد

بۆ لێرەن؟.

بۆ سەرەخۆشی دەکەن؟.

لەپایی چی لێرەن؟.

پێتان وایە دایکم بۆ لێرە نییە؟.

بەهۆی وشەی عەیبەی ئێوەوە دایکم لێرە ڕۆشت

ساڵی پار میم خەجێ لەسەربانەوە کەوت گوتان عەیبە بچێتە لای دکتۆری پیاو و قبوڵمان نییە پیاو دەست لە ژنمان بدات، خوێنی زۆری لێ ڕۆشت و وەفاتی کرد، دوێنێش دایکم ئێرەی بەجێهێشت چونکە هیچ دکتۆرێکی ئافرەت لێرەioونی نییە، وشەی عەیبە لێرە ئێمەی کوشت، زیندانی کردین، کراینە بەشێک لەدیواری ماڵەکانمان، وشەی عەیبە ئێوەی پیاوانی تووشی سالاری و غروور کرد، ئێوە ڕێگە نەدەن کچەکانتان، ژنەکانتان، بخوێنن و ببن بە مامۆستا، پزیشک، ئیتر کێ وانە و چارەسەری کچەکان و هاوسەرکانتان بکات؟.

تاکو کەی بەردەوام دەبن لەپیاو سالاری؟.

من کۆت و دیلی وشەی عەیبە دەشکێنم ئەمڕۆ.

خوشکە تازە لەدایکبووەکەم هێنا، گوتم ناوی دەنێم بیناهی، چونکە دەبێتە ڕووناکی ماڵەکەم وگەڕەکەکە، بیناهی دەکەم بەڕووناکی چاوی هەموو کچان، بیناهی

دەخوێنێت و دەبێتە پزیشک تاوەکو چارەسەری خێزانی پیاو سالارەکان بکات.

هاوارم کرد، هێی خەڵکینە تکایە ببنە بیناهی بۆ منداڵەکانتان، **وشەی عەیبە لەماڵەکانتان بکەنە دەرەوە، چەند ساڵە میوانێکی قەدرگران بووە لەلاتان بەڵام ئەمڕۆ کۆتایی پێبهێنن، کچەکانتان فێری متمانە و ژیان بکەن لەجیاتی زیندان و گوتنی مەکە عەیبە.**

# قسەی بێ بنەما مەکە.

ئەحمەد: کچی ئەم سەردەمە جوان و پارە پەرستە،هەیانە ئاسن پەرستە،کچی چاک و باش نەماوە، وەکو ئەوە وایە دەرزی لەناو کادا دەربێنیت.

ئەڤین:بۆ برام دیارە لە ماڵی خۆتانەوە سەیری دونیا دەکەیت؟.

ئەحمەد:جوان قسەبکە و بزانە چ دەڵێیت،ناوی خوشکو دایکم مەهێنە.

ئەڤین: سەرەتا بمبورە کە ئەو پرسیارەم کرد تەنها ویستم کاردانەوەت بزانم، حەدم نییە ناوی کەس بهێنم، بەڵام براکەم دوور بە لەقسەی لەو جۆرانە چونکە کچی باش و چاک زۆرە، دایکت چەند ساڵ بەهەژاری لەگەڵ باوکتدا بووە و ژیاون پێکەوە، تەحەمولی سەختی و ڕۆژانی ناخۆشی کردووە؟خوشکەکەت چەند ساڵ لەگەڵ هەژاری ئێوە ژیا؟ کاتێک هاوسەرگیری کرد نەیوت کاکە  لە ئەخلاقی بکۆڵەوە نەکو سامان و جوانییەکەی؟ دۆست و خزم چەند ساڵ لەناو هەژاری ژیان تاوەکو گەشتنە ئەم ئاستەی ئێستا؟.

بەڵێ ڕاستدەکەیت جوان پەرست و پارە پەرست هەیە، هەشمانە ئەوەی لەلای گرنگە گیرفان و ڕوخسارە، بەڵام ناکرێت ڕووی دەمت لە هەموویان بێت، هەرکاتێک ویستت قسەیەک بەڕووی کچاندا بکەیت سەیری خوشک و دایکت بکە هەزاران کچ هەیە مارەییەکەی قورئانێک بووە بۆیە با هەمیشە چۆن ڕێز لە دایک و خوشکی خۆمان دەگرین بۆ خەڵکیش وابین چونکە بەڕاستی خودا مرۆڤی قسە نەرمو نیانی خۆشدەوێت با قسەی تۆ نەبێتە پەڵە و برین لە ژیانی کچێکدا، ئەگەر کچێکی لەو جۆرەشت بینی تەنها نزای هیدایەتی بۆ بکە نەک بیکەیت بە سەردێری هەواڵەکانت لەلای هاوڕێکانت و هێندە ڕقی لەدڵی کۆبکاتەوە کە هیچ کاتێک خۆی نەگۆڕێت، **چونکە دونیا دەورانە تۆش خاوەن ناموسیت و خەڵکیش زمانی هەیە بۆ قسەی هیچ.**

## لەماڵەکەی خۆی دەری مەکەن.

لەم ڕۆژانەدا لەدەرەوەبووم کەمێک لەو ئاڵۆزییەی دەرووبەرم دوورکەوتمەوە و بەتەنها لەباخچەیەک دانیشتم و دەستم بەخوێندنەوەی ڕۆمانی مەملەکەتی شەیتان کرد، بەرگی چوارەم، تێکەڵی بابەتەکە بوو بووم، لەو دێرانەدا بووم کە ماکوان و هاوڕێ جنەکەی بەناوی کازۆڵ گفتوگۆیان دەکرد چۆن لەو کێشەیە دەربچن کە وەرماش بۆی دروست کردوون بێگومان وەرماشیش لەبەرەی جنەکانە بەڵام کافرە، دوو خانم هاتنە تەنیشتم دەستیان بەقسەکردن کرد لەبەر دەنگە دەنگیان وازم لەخوێندنەوە هێنا، دیاربوو یەکێکیان ناوی لەیلا بوو دانەیەکیشیان ناوی مینا بوو چونکە گوێم لێی بوو کە ناوی یەکیان دەهێنا و قسەیان دەکرد.

لەیلا:چیتکرد بۆ بابەتی جیابوونەوەکەت؟.

مینا:واخەریکم دەیدەمە دادگا دوای جەژن یەکەم دانیشتن دەکەین.

لەیلا:دەی قسمەت بوو خەمی لێ مەخۆ.

مینا:کامە قسمەت؟گوتم دەمەوێت؟گوتم ئیلا شوو بەو کوڕە دەکەم؟نا هیچم نەگوت بەڵکو بەزۆر منیان بە شوودا، گوتیان تەمەنت گونجاوە و بیریان لە دڵ و مێشکی من نەکردووە کە چی دەوێت، نازانم بۆ باوکم کارێکی لەو شێوەیی کرد؟بۆ منی لەماڵەکەم کردە دەرەوە، من شازادەی ماڵی خۆم بووم،کچێکی دڵخۆش و ئازاد بووم نازانم بۆ لەماڵەکەم کرامە دەرەوە؟ و بوومە کۆیلەی دەستی پیاوێک، ئازاری دام و ژیانی لێ تاریک کردم، وایلێکـرم خۆزگە بەمردن بخوازم.

**مەگەر باوکە نەمگوت ترسم لەهاوسەرگیری هەیە؟.**

**نەمگوت دەترسم ڕۆژێک ئازارم بدات؟.**

**مەگەر پێم نەوتی لە هاوسەرگیری ناترسم بەڵکو لەهەڵبژاردنی پیاوێکی هەڵە دەترسم؟.**

ویستم لەماڵە بچووکەکەمان شازادەی تۆ و دایکم بـم.

لەم قسانە بەردەوام بوون خەم دڵی داگرتم هەستام و ڕۆشتم ، لەبەر خۆمەوە هەر بۆڵە بۆڵم بوو، دەمگوت چی باوکێکی نابەجێ کچەکەی خۆی ڕادەستی نامەردێک دەکات؟ئاخر بۆ بەزۆر بەشوویان دەدەن هاوسەرگیری جلێک نییە لەبەری بکەیت و دواتر بەدڵت نەبێت بیگۆڕیتەوە، هاوسەرگیری شتێک نییە بەدڵی خەڵک بکرێت بەڵکو دەبێت سەیری حەز و دڵی خۆت بکەیت، ڕەنگە لەبەر دڵی تۆ خواردنێک بخورێت و ڕەتنەکرێتەوە، بەڵام هاوسەرگیری ناکرێت لەبەر ڕەزامەندی تۆ، ئاخر بۆ لەماڵە پڕسۆزەکەی خۆی دەری دەکەن؟تکایە دەریان مەکەن ئەوان ئارامین ئەوان دەرگای بەهەشتن.

**باوکم قسەیەکی زۆر جوانی هەیە ڕۆژێک گوتی:**
**"چۆن بۆ کوڕەکەت دەرگا بەدەرگا و ماڵ بەماڵ دەگەڕێیت بۆ کچێک کە بەدڵی کوڕەکەت بێت لەڕووی دین،جوانی،ڕەوشت،دەبێت بۆ کچەکەشت وابیت و باشترین هەڵبژێریت لەهەمووی گرنگتر بەدڵی خۆی بێت".**


پەیامەکان.

ژیان جوانە یان جوان دەبێت.

ژیان سووپایەکی بێبەزەییە
ئەگەر چەکی گەشبینی و ئومێد نەبێت
لەیەکەم جەنگدا دەمرین.

## تەلەفۆنێک منی گەڕاندەوە.

تەمەنم 31ساڵە چوار ساڵە هاوسەرگیریم کردووە و خاوەنی سێ منداڵم، گیرۆدەی ڕابواردن بووم لەگەڵ ئافرەت مەبەستم زینا نییە تەنها بە تێل و نامە ڕۆژانە لەگەڵ چەندین کچ گفتوگۆم دەکرد و بەڵێنی داهاتوو و قسەی ڕازاوەم بۆ دەکردن، ناتوانم بڵێم 5یان6 چونکە کچانێکی زۆر بوون ڕۆژانە کاتم بەڕێ دەکرد لەگەڵیان تەنانەت لە شەوانی قەدریش لە ڕەمەزاندا من نەدەچووم بۆ مزگەوت بەڵکو لە سوچێکی شەقامەکان قسەی شیرینم بۆ کچان دەکرد، من تاکو ئەم تەمەنە تامی شیرینی سوجدەی شەوانی قەدرم نەکردووە.

تەمەن بەو شێوەیە ڕۆشت، چەندین ساڵ بەو شێوەیە تێپەڕی، ڕۆژێک لەگەڵ ئافرەتێک قسەم دەکرد و دەمزانی هاوسەری هەیە بەڵام تاوان ناخمی داگیر کردبوو گوێم بەهیچ نەدەدا تەنها حەزەکانی خۆم نەبێت و لەپڕ هاوسەری مۆبایلی

لێـگرت و ژمارەم کەوتە لای مێردی و ئاشکرا بووین پێی گوتم: لەژێر زەوی بیت دەتخەمە سەر زەوی حەیاو کەرامەتت دەشکێنم، پێت وایە هێندە ئاسانە ڕابواردن؟.

پێش چاوم ڕەش بوو ڕەنگم زەرد بوو واهەستم دەکرد دونیا لەسەر شانەکانی من وەستاوە هێزم نەما تەنها لە شوێنی خۆم دانیشتم و دەگریام بەڵام چ گریانێک،گریانی پەشیمانی یان گریانێک بۆ 31ساڵی تەمەن لە خراپەدا بەفیڕۆم دابێت یان گریان بۆ ئەوەی ڕووم نایەت داوای هاوکاری لەخوداش بکەم، یان گریانێک بۆ ئابڕووی ناو خەڵک، چۆن سەیری کەسانی دەوروبەر بکەم؟.

ئەم پرسیارانە لەمێشکم بەردەوام بوون لە دووبارە کردنەوە، هەڕەشەو جنێوی مێردی ئەو ئافرەتەش بەردەوامبوو و ماڵەوەش پێیان زانی من وەکو کێوێک ڕووخام، نەمدەزانی چۆن سەیری ناو چاوی منداڵەکانم بکەم کەپێیان وابوو من باشترین باوکی دونیام، ئەی کچەکەم؟ سیفەتێکی وا ناشیرین لەیەکەم پیاوی ژیانی ببینێت کە باوکییەتی ئیدی

چۆن ڕۆژێک لەڕۆژان متمانە بە پیاوێکی دیکە بکات؟ ئەی خێزانەکەم کە بەو پەڕێ متمانەوە تەمەنی خۆی بەخشیوە بەمن؟.

دەنگێک هاتە مێشکم و پێی گوتم بڕۆ سوجدە ببە، خودا هیچ کاتێک دەرگای خۆی لەسەر بەندەکەی داناخات، بەڵام وەڵامم دایەوە سوجدەی چی؟ من 31ساڵە دوورم لە خودا، ئەوەی خودا پێی ناخۆشە کردوومە، ڕووناکی لەدڵم نەماوە، تاوان منی داپۆشیوە، بەڵام دەنگەکە دووبارە بوویەوە.

دەستنوێژم گرت و چوومە سوجدە گوتم خودایە من تەنهام و تۆ پەنامی لەم شەڕە ڕزگارم بکە تکایە کەرامەتم بپارێزە و مەمخە ژێر باری قسەی خەڵکەوە، من کەسێکی ناخ پیس بووم بەڵام تۆ تاکو ئێستا عەیبی منت داپۆشیوە و لەناو خەڵک خاوەن ڕێزم، من سێ ڕۆژ لە مزگەوت دوور نەدەکەوتمەوە، وەڵامیان بۆمان هێنا دەبێت کچەکە هەڵبگریتەوە و مارەی بکەیت دەنا دەتکوژین، بەخوڕ دەگریام و دەستم بە شەونوێژیش کرد

هەفتەیەک ژیانم لە گریان و سوجدە بەردەوام بـوو تەواو بێ ئومێد بووم بیرۆکەی خۆکوشتن لەمێشکم بـوو ئەو شەوە بەگریانەوە لەسوجدە خەوم لێکەوت کەڕۆژ هەڵهات هاتنە سەرسەرم و گوتیان ماڵەکە پەشیمان بوونەتەوە و مێردی ئافرەتەکە دەڵێت ژنـی خۆمم دەوێت و مەیە سەر ڕێگامان بەڵام دووبارە ببێتەوە تاکە ڕێگا هەبێت کوشتنە.

وەک بڵێیت ئاوێکی سارد ڕژایە سەر دڵما، باری سەر شانەکانم سووک بوو وەک بڵێیت کێوەکە ڕوخا، نەمدەزانی چیبکەم بەبێ ئەوەی هیچ بڵێم دەستی نزای پەشیمانیم هەڵبڕی و بەگریانی بەخوڕەوە گوتم خودایە تۆبە بێت، دێمەوە بۆ ڕێگای تۆ، 31ساڵم لە دووریت بەڕێ کرد بەڵێن بێت قەرەبووی دەکەمەوە، تێگەشتم خودا منی خۆشویستووە و ئەو شەڕی ناموسەی کردە هۆکاری هیدایەت بۆمن.

تەلەفۆنێک لە حەزی شەیتان و ڕابواردنەوە منی گەڕاندەوە بۆ لای خودا تێگەشتم هیچ شتێک بێ

هۆکار نییە تەنانەت شەڕ و خراپییەکانی ژیانمانیش، ڕەنگە هەندێک جار تووشی بارودۆخێک بین و لە میهرەبانی خودا دوو دڵ بین بەڵام بێ ئاگا لەوەی خودا خێرێکی بێ سنووری بۆ داناوین لەپشتی ئەو ناخۆشییە، بارودۆخێک کە وای لێکردم خۆکوشتن بێتە مێشکم ئێستا منی گەڕاندەوە بۆ ڕێگای تەوبە، هەموو ئەو شەڕ و ناخۆشیانەی تۆ بێهیوا دەکات کۆتاییەکەی هێندە شیرینە ئەو تاڵییەت بیردەباتەوە.

**خودا لەڕەحمی دایک و سۆزی باوک میهرەبانترە بۆ بەندەکەی**، بۆیە ئارامگربە لەسەر ناخۆشییەکان، دڵنیابە خودا شتێکت بەسەر ناهێنێت کە خێری تۆی تێدانەبێت.

هەمیشە ئەو دێرە لەمێشکم دێت و دەچێت "**تەلەفۆنێک منی گەڕاندەوە**".

**خودای گەورە دەفەرمووێت:**

(**ما أصاب من مُصيبه إلا بإذن الله ومن يؤمن بالله يهد قلبهُ والله بكل شى ء عليم**).

واتە: **بە فەرمانی خودا نەبێت هیچ خۆشی و ناخۆشییەک بە پێش نەهاتووە،جا ئەوەی باوەڕی تەواو بهێنێت،خودا دڵی ڕێنمویی دەکات بۆ لای خۆی،خودای گەورەش بە هەموو شتێک زانایە.**

**هەروەها دەفەرمووێت:**

**(لا تدرى لعل الله يحدث بعد ذلك أمرا).**

**واتە: نازانیت ڕەنگە پەروەرێن دوای ئەوە شتێکی باشترت بۆ بهێنێتە پێش.**

## ڕێگەی تۆ جیاوازە.

لەیەکێک لەئەپەکانی سۆشیاڵ میدیا ئەکاونتێک دروست دەکات بەناوی چالاکوان و ڤلۆگەر، جلوبەرگێکی کەشخە دەپۆشێت و مایکێک دەگرێت بەدەستەوە و فیدۆیەک تۆماردەکات و باسی شکست و ئەزموونی ژیان دەکات، باسی ڕێگاکانی دروستکردنی مرۆڤێکی بەهێزت بۆ دەکات، دەڵێت خودی ژیان ئاوایە و دەبێت بەرگە بگریت، دەبێت بۆ خەونەکانت هەوڵبدەیت و ئارامگر بیت، بەدوای بەهرەکانتدا بگەڕێ و بیدۆزەوە.

لەکاتێکدا خۆی هیچ کاتێک بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێک ماندوو نەبووە بەڵکو لەوەتەی چاوی کردۆتەوە لەسەر گیرفانی باوکی بەهەموو شتێک گەیشتووە ئەسڵەن نازانێت ئارامگرتن چییە؟.

چونکە ئەوەی ویستوویەتی لەدوای یەکجار داواکردن پێی دراوە، یەکجاریش بەرزی و نزمی ژیانی نەبینیوە، بەهرەی تێدا نییە، نازانێت شکست چییە و چۆن مرۆڤ دەڕووخێنێت، بەڵام خودی

ئەو ڕووخانە دەیکاتە مرۆڤێکی بەئەزموون، نازانێت ژیان تێکەڵەیەکە لە خۆشی و ناخۆشی، دێت و ژیانە پڕ زەحمەتەکەی تۆ بە وشەکانی دەڕازێنێتەوە و دەیکاتە بەهار بێ ئاگا لەوەی تۆ چەندین وەرزی پایزت تێپەڕاندووە تاکو بۆنی گوڵی بەهار بکەیت.

تۆش بەڕوخسارێکی خەماوییەوە لەشاشەی موبایلەکەت دەڕوانیت پێت وایە هەڵەی تۆی تێدایە کەژیانت بەو شێوەیەیە و لۆمەی خۆت دەکەیت.

نا ئەزیزم هیچ کەسێک دیوە جەنجاڵەکەی ژیانی تۆی نەبینیوە، خۆت سەرکردەی ژیانی خۆتیت، هەوڵتداوە، شکستت هێناوە، سەرکەوتیت، ڕووخایت، خۆتت دروستکردەوە، ئەوەی پێویست بوو بۆ ژیانی خۆت کردووتە و ئەوەی مافی تۆیە لەم ژیانە خودا پێی داویت، بەردەوامبە لە هەوڵەکانت بۆ بەدەستهێنانی ئامانج و خەونەکانت.

**ماندوو بوویت پشوو بدەو دیسان بەردەوامبـە، لەشوێنە سەخت و دژوارەکان فاریزەیەک دابنێ و دیسان دەستپێبکەوە هیچ کاتێک خاڵی کۆتایی دامەنێ**، ڕۆژێک بەرهەمی ئەم جەنجاڵی و نارەحەتییە دەبینیت تەنها ئارامبــگرە، بەردەوامبە لەڕێگاکەت بەڵام هیچ کاتێک لەوەسفی ژیانی کەسێکی دیکەوە لۆمەی خۆت مەکە، ژیانی تۆ لەژیانی کەس ناچێت، خۆت ڕێگاکەی ژیانت دروست بــکە.

# هەنگاوێک پێش داخلی&زانکۆ.

-داخلی&زانکۆ دەستپێکی ژیانێکی نویٚ و ئەزموونی نوێیە هەوڵبدە بەلای شتی جوان و ماناداردا بڕۆیت نەک هەڵەو نەزانی.

-هەوڵبدە خاوەن بڕیار و کرداری خۆت بیت لەو تەمەنە.

-لەزانکۆ لەوانە مەبە کەتەنها بۆ خوێندن دەچن یان پێیان وایە زانکۆ شوێنی پشوو و گەڕانە بەڵکو تۆ بخوێنە و فێری ئەزموون ببە و کەسایەتی خۆت دروست بکەو ئەخلاقی خۆت بپارێزە چونکە لەیەکەم ڕۆژ تاکو کۆتا ڕۆژ و دوای تەواوکردنیشت ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها کەسایەتی و ئەخلاقتە.

-شەرم لەوە مەکە دوای تەواوبوونی زانکۆ وەک هاوڕێکانت ناچیتەوە داخلی بۆ پشوودان بەڵکو

دەچیتە سەرکار و ڕۆژانەی خۆت پەیدا دەکەیت بەڕاستی تۆ شایەنی پیاهەڵدانی چونکە لەسەر پێیەکانی خۆت وەستاویت و ژیانت لەسەر گیرفانی خۆتە ئەگەر چەند کەمیش بێت.

وریابە لەهەڵبژاردنی هاوڕێ لەداخلی چونکە هەندێک کات هاوڕێی خراپ هۆکارە بۆ ناشیرین کردنی ڕەوشتی تۆ و پەلکێشانت بۆ کێشانی نێرگەلە و جگەرە.

**پێغەمبەرمان(ﷺ)فەرموویەتی:**

**(مرۆڤ لەسەر دینی هاوڕێکەیەتی).**

بۆیە بزانە لەگەڵ کێ لەیەک ژوور دەمێنیتەوە.

-لەکاتی چونەدەرەوەی گشتی و سەیرانی تێکەڵاو دووربە لە وێنە و فیدیۆ گرتن لەگەڵ کچان لێیان گەڕێ با پێت بڵێن دواکەوتوو هەر ئەوانەی وابە تۆ دەڵێن خۆیان قبوڵیان نییە وێنە لەگەڵ خوشک و نزیکیان  بگیرێت بۆیە بە وشە ڕازاوە و ناڕۆشبیرییەکانیان تێمەکەوە.

-دووربە لەو کۆڕ و دانشتنانەی کە باسی جوانی کچ و لەش ولاری کچانی بەشەکەت دەکەن چونکە تۆ زۆر لەوە گەورەتری خەریکی کاری مناڵانە بیت.

-کاتێک لەوێ کەسێکت بەدڵە هەوڵبدە ناوی بخەیتە سەر ناسنامەکەت نەک سەردێری هەواڵەکانی داخلی و هاوڕێکانت.

-له داخلی زۆر گاڵته و شتی جۆراو جۆر دەکرێت هەوڵبدە بەناوی گاڵتەوە هەستی کەس بریندار نەکەیت.

-بەگیرفان و شێوازی ژیانی خەڵکی لەخۆت و ماندوو بوونەکەت سارد مەبەوە.

-بەپێ چوونت بۆ زانکۆ یان سەیارەیەکی مۆدێل نزم دڵگرانت نەکات، چونکە تۆ خۆتی و کۆپی خەڵک نیت بەپێی مادی خۆت هەڵسوکەوت بکە سوودی چییە سەیارەیەکی جوانت هەبێتو قەرزاربیت؟.

-کاتێک لەداخلی مایتەوە با هەواڵ پرسینت و تێل کردنت تەنها بۆ دایکت نەبێت بەڵکو باوکیشت بەسەر بکەوە و هەمووکات لێی بپرسە چونکە

زۆرێک تەنها تێل بۆ دایکیان دەکەن بێ ئاگا لەوەی باوکیشیان پێویستی بەو هەواڵ پرسینە هەیە.

-زانکۆ و داخلی بکە شوێنی ئەزموون و فێربوونی شتانێکی نوێ نەک تەنها تێپەڕبوونی2یان4ساڵی تەمەنت.

# کارێک بــۆ خۆت بــکە.

ئەوەی سەرچاوەی خەم و ئازارە کێیە؟.
ئەوەی دوو دڵی ژیان و گیرۆدەی ئازاری کردوویت کێیە؟.
ئەوەی پێکەنینی لێ تۆراندووی کێیە؟.

**بێگومان دڵە**، دڵیش هێندە بێ ئەقڵە خۆ بیر ناکاتەوە و بڵێت بەسە کۆتایی پێبهێنە تۆی ناوێت، بڕۆ، هەنگاوێک بنێ، چوزانم قوڕێک بگرەوە و بچۆ ناوی، بەس لەلای کەسانێک شەرمەزارم مەکە کە بوون و نەبوونم یەکە، دەزانیت فلانە شت مەحاڵە بۆ من نابێت تکایە ئارەزووی مەکە و ئومێدی پەمەیم بۆ دروست مەکە، تکایە کارێکی وامەکە باشە؟.

**چاوەڕێی چیت پێت وایە وەڵامت دەداتەوە؟.**
**پێت وایە دەڵێت بەڵێ؟.**

نا ئەزیزم لەسەر ئەو گەمژەیەیی خۆی بەردەوام دەبێت، دەزانیت ڕێگەچارە چییە؟.

حەز و ویستەکانی دڵ ئیهمال بکە، ئەو خەیاڵە ڕازاوانە ئیهمال بکە کەدڵ بۆتی ڕێکخستووە، ڕێگا شیرینەکانی دڵ مەگرە بەر دواتر دەبێتە ژەهر و تاڵی نوقمت دەکات، دەزانم سەختە بەڵام ئێمە ئیهمالی نەکەین و شتێک بۆخۆمان نەکەین بڕوابکە ئەو پارچە گۆشتەی پێی دەڵێن دڵ وێرانمان دەکات و ئێمەی بەخەیاڵدا نایەت دواتر دەمانکاتە نەزان و گێل لەپێش چاوی کەسانی دەوروبەرماندا بۆیە پێویستە کارێک بۆ خۆمان بکەین.

## کێشە لەڕێگاکەتدا نییە.

بەسەلامەتی ئەو هاوڕێیەم کە لەسەر مێزی چایخانەیەک دانیشووە و بەپولی دۆمینەکانی بەردەستی خەریکی دروستکردنی خانوویەکە، بەڵام هەرکاتێک دەگاتە نیوەی دەڕووخێت دوای ئەوەی چەند جارێک هەوڵیدایەوە و دیسان ڕووخا بەتووندی پولەکەی دابەسەر مێزەکەداو گوتی: نابێت هاوڕێ نابێت، ئەوەی من بەدڵخۆشی و خۆشەویستی و متمانەوە دەستی بۆدەبەم دەڕووخێ و ون دەبێت هاوشێوەی ئەم پولانە.

گوتم ئازیز مەبەستت پولی دۆمینە نەبوو لەو قسەیەدا، بەڵکو برینێکی بەجێماوەبوو و نوێت کردەوە.

سەیرکە ڕەفیقی من، کاتێک تۆ بەخۆشەویستی و متمانەوە کەسێک هەڵدەبژێریت و تەواوی بوونت دەدەیتە دەستی کەسێک، دڵ و مێشکت لەئاستیدا دەوەستێت، هێندە تامەزرۆیت بۆی ویستەکانی پێش

ویستی خۆت دەکەیت، بەڵام ئەو کەسە هەڵەکەیە، شایەنی لێدانی خێرایی دڵت نییە لەکاتی دیدار، بەساویلکە سەیری میهرەبانی و ڕاستگۆیت دەکات، قابیلە خودا هێندە بەندەکەی فەرامۆش بکات کە دڵی بۆ ناخ ژەهراوییەک بسووتێت؟، بۆیە خۆشەویستی و هەست و سۆز هەمیشە نوێ و پڕ لەئیشقە بۆ کەسی دروست.

دەستیم گرت و بردمە سەر مێزێکی دیکە گوتم لێرە دیسان هەوڵبدەوە، کێشە لەخۆشەویستی و هەوڵدانی تۆدا نەبوو بەڵکو مێزەکە لاربوو.

**کێشە لەڕێگاکەتدا نییە ئەزیزم بەڵکو ئامانجەکەت هەڵەیە و شایەنی ئەو ڕێگا دروستەی تۆ نەبووە.**

## یارین نەک بۆ یارین.

خودی مرۆڤەکان لە ژیاندا وەکو یارین
ڕۆژگار بووە بەیاریگا و مرۆڤەکانیش یاریزان
ڕۆژێک لێرە و ڕۆژێک لەوێین
ڕۆژێک لە خۆشیا لەو یارییە بەژدارین
ڕۆژێک لە ناخۆشیا بەژدارین
ڕۆژێک لە بەختەوەرییا
ڕۆژێک لەنائومێدییا
بەڵام لەم سەردەمە خودی مرۆڤەکان
بوون بە یاری لە نێوان یەکدیدا
یاری بە هەست و دڵ و  ژیانی یەکدی دەکەن
وەک بڵێیت یاری ژیان کەم نەبێت
**لە یاری کردن ڕاوەستن  با چیتر شکانی مرۆڤەکان بەردەوام نەبێت، خۆشەویستی و میهرەبانی بکەن بەبراوەی ئەم یارییە.**

## گۆڕان لەبیرکردنەوەدا.

-شکستم هێنا. ✗

ئەزموونم وەرگرت. ✓

-کەوتم. ✗

بەهێزبووم. ✓

-بیرکردنەوە لەڕابردوو. ✗

وانە وەرگرتن لەڕابردوو. ✓

-وازهێنان. ✗

پشوودان. ✓

-کۆڵدان. ✗

بەردەوامبـــوون. ✓

-خاڵی لاوازی. ✗

تایبەتمەندی تۆ. ✓

-وازهێنان لەئامانج. ✗

تاقیکردنەوەی ڕێگای جیاواز. ✓

-گرنگیدان بەقسەی خەڵکی. ✗

نەبەزاندنی سنووری خودا. ✓

-بۆچی هەرمن؟. ✗

دڵنیام خێری تێدایە. ✓

-دوودڵم لەم کارە. ✗

هەوڵدان و سپاردنی بەخودا. ✓

-بەختم نەبوو. ✖

شایەنی باشترم. ✅

-چاوەڕوانی. ✖

دروستکردنی دەرفەت. ✅

-ئاڵۆزکردنی مێشک. ✖

ئیهمالکردن و گوێ پێنەدان. ✅

-بیرکردنەوە لەداهاتوو. ✖

ژیانکردن لەئەمڕۆدا. ✅

# بەختەوەرییە شاراوەکان.

ڕەفیق تۆ چەند بەختەوەری مەڵێ چیتە شێت بوویت؟.

بەختەوەری چی؟.

تۆ هاتیتەماڵەوە بەڵام زۆرێک لەسووچی کۆڵانەکانی شاردا کەوتوون.

تۆ دەنگی فێنک کەرەوەکە بێزاری کردوویت، زۆرێک هەیە دەنگی ئامێرەکانی نەخۆشخانە ئارامی لێبڕیون.

تۆ تاریکی ژوورەکەتی داپۆشیوە هەندێک هەیە دەنگی ئازار ژوورەکەی داپۆشیوە.

تۆ خێزانەکەت خەوتوون دەتوانیت ئارامیان ببینیت، بەڵام زۆرێک هەیە خەمی ئەوەیانە ئایا لەگۆڕستان چ دەگوزەرێت ئایا ئازیزەکەی سەرمای نییە؟ تۆ بڵێیت باران تەڕی کردێت؟.

تۆ بەدەنگی ژاوە ژاوی خێزانەکەت بەئاگا دێیت، زۆرێک هەیە بەدەنگی ژاوە ژاوی مێشکی بەئاگادێت، کە تەنهایی ژینی تاڵ کردووە و خۆزگەی خوانێکی قەرەباڵغی لەدڵ و مێشکی دەرناچێت.

**ڕەفیق تێدەپەڕێت، بەختەوەرییە شاراوەکانت بەکەم مەبینە.**

## باخچەیەک بۆ هەنگێک بەس نییە.

سڵاو، ئەم کاتەت باش، نازانم پێویستت بەم قسانە هەیە یان نا بەڵام ویستم هەندێک شتت پێ بڵێم.

**تۆ ڕات چییە؟.**
**پێت وایە ئەگەر باخچەیەکی پڕ لەگوڵی ڕەنگاو ڕەنگ پێشکەش بەهەنگێک بکەین ئیتر بەئێمەوە نەدەن؟.**

نا ئەزیزم سەرئەنجام باخچەکە بۆ ئێمە سەلامەت نییە، لەهەر ساتێکدابێت ئەگەری پێوەدانمان هەیە.

بۆیە هیچ کاتێک لۆمەی خۆت مەکە لەسەر باشییەکانت بۆ کەسی هەڵە، ئەوان ناخیان پیسە و چاویان کوێرە لەئاست دڵە جوانەکەی تۆدا، بۆیە

نرخی خۆت بەکەم مەبینە لەئاستی ئەواندا، تۆ دڵ و ڕوحت پڕە لەمیهرەبانی خۆ هەستەکانی خۆتت بەوان نەفرۆشتووە.

**بۆیە دڵی جوان و میهرەبانییەکەت لەباوەش بگرەو باخچەکەت بگۆڕە، ئاسوودەیت لەپێش هەموو شتێکەوە دابنێ، سەرئەنجام هیچ شتێک لەخۆت بەگرنگتر نابینم.**

## لەگەڵ خـودابـە.

**چەقۆ ئیسماعیل(علیه السلام)ی نەکوشت.**

**ئاگر ئیبراهیم(علیه السلام)ی نەسووتاند.**

**نەهەنگ یونس(علیه السلام)ی نەخوارد.**

**دەریا موسا(علیه السلام)ی نوقوم نەکرد.**

**یوسف(علیه السلام) لەناو بیرەکە ڕزگاری بوو.**

**یەعقوب(علیه السلام) بینایی چاوەکانی بۆ گەڕایەوە.**

**دەزانیت بۆ؟.**

چونکە لەگەڵ خودا بوون و متمانەیان بەخودا هەبووە، ڕاستە بارودۆخی سەخت لەپێشیان بووە بەڵام خودا لەپشتیان بووە، هیچ کاتێک بیر لەگەورەیی کێشەکانت مەکەوە بەڵکو بیر لەگەورەیی و دەسەڵاتی خودای گەورە بکەوە، متمانە بوونت بەخودا با هێندە گەورەبێت کەتووشی هەر بەڵاو کێشەیەک هاتیت زەردەخەنەیەک بکەیت و بڵێیت خودای من خودای مەحاڵەکانە دڵنیام بەجوانی تێدەپەڕێت و پاداشتی جوانترین وەردەگرم.

## هەنگاوێک بۆ باشتر.

1-چاوت لەڕەگەزی بەرامبەر بپارێزە و نزیکیان مەبە وپەیوەندی، هاوڕێیەتی، خۆشەویستی، لەگەڵیان مەبەستە، شتێک سەرەتاکەی بەدڵی خودا نەبێت، کۆتاییەکەشی بەدڵی تۆ نابێت.

**(ولا تقربوا الزنــا).**

**واتە: نزیکی زیناش مەکەون.**

2-قورئان بکە بە بەشێک لەژیانت، ئەگەر ڕۆژی یەک لاپەڕە بخوێنیتەوە یاخود گوێ لەسوڕەتێک بگریت، دڵ و مێشک دروستکراوی خودان و هەر وشە و کەلامی خودا ئارام و ئاسوودەی دەکات.

3-لەگەڵ دایک و باوک و کەسی بەتەمەن باشبە و ڕیزیان بگرە، بەهەشت لەژێر پێی دایکدایە و باوک دەرگایەکی بەهەشتە، دایک و باوک لێت ڕازیبن، خوداش لێت ڕازییەو خۆشی دەوێیت.

4-نوێژەکانت لەکاتی خۆیدا بکە، نوێژی ویتر و چێشتەنگاو لەبیر مەکە.

**پێغەمبەری خوداﷺ فەرموویەتی:**

**کەسێك پارێزگاری لەنوێژی چێشتەنگاو ناکات مەگەر ئەواب نەبێت الأواب واتە زۆر گەڕانەوە بۆلای خودا.**

5-زیکر و یادی خودا بکە، چی شتێک لەوە گەورەترە کە خودا پێت بفەرموێت: یادم بکەن منیش یادتان دەکەم.

6- دڵ نەرم و میهرەبان بە، لێبوردە و لێخۆشبەربە لەبەر دڵخۆشی و ئاسوودیی خودی خۆت.

**مالکی کوڕی دینار(رحمەالله)فەرموویەتی:**

**بەندە بە هیچ سزایەك سزا نەدراوە گەورەتر بێت هێندەی دڵ ڕەقی.**

7-خۆتت خۆشبوێت، بەڕادەیەک ئەگەر دڵنیابوویت کەس خۆشی ناوێیت سەیری ئاوێنە بکەیت و بڵێیت**" کەسێک دەبینم کەخۆشی دەوێم".**

خۆشەویستی خۆت بۆ خۆت، جوانی و ئارامییە.

## دەڵێن چی خراپ بین؟.

ئەو کەسەی خراپە هەمووان خۆشیان دەوێت و ڕێزی دەگرن و خاوەن قەدرە لەلای هەمووان، نازانێت تەنهایی چییە و هەمیشە دەوری قەرەباڵغە، ئەوەی دەیەوێت بەدەستی دەهێنێت و بەخت و شەنس هاودەمی هەمیشەیین بۆی، خیانەت و درۆ بەشێکی نەبڕاوەن لەژیانی کەچی هەندێک کەس بێ ئۆقرەن بۆ قسە و دیدارێکیان.

کاتێک ئەم شتانە دەبینم دەمەوێت خراپبـــم و منیش خۆشیان بوێم و تەنهایی تەنها بکەم، دەست لەڕاستگۆی هەڵگرم و هەنگاوێک بۆ درۆ و خیانەت بڕۆم.

بەڵام دواتر دێتەوە بیرم ئێرە ژیانێکی کاتییە و تێیدا نامێنینەوە سوودی چییە خۆشەویستی هەمووان و دوژمنی خودابـــم؟.

قێزەونترین مرۆڤ لەلای خودا ئەوانەن کە درۆ دەکەن، یانی چی ببم بەقێزەوەنترین مرۆڤ لەلای خودا لە بەرامبەر بەدەستهێنانی ڕێز و قەدری خەڵک؟.

**خودای گەورە فەرموویەتی:**

**(قُلْ مَتَاعُ الدُّنْيَا قَلِيلٌ).**

**واتە: ئەی محمد(ﷺ) پێیان بڵێ:**

**ژیان و ڕابواردنی دونیا کەمەو کۆتایی دێت.**

# گوڵنـامــه.

هیوادارم لەهەموو ئەو شتانە دووربکەنەوە کە نائومێدتان دەکات یان گومانتان بۆ دروست دەکات لەخۆشەویستی خودا بۆ تۆ.

هیوادارم دووربکەونەوە لەهەر شتێک کە بەهاری دڵتان دەگۆڕن بۆ پایز، لەو بابەتانەدا گوێم لەناوت نەبێت کە ئازاری کەسێکتداوە، دوورکەوە لەو کەسانەی کەمت پێدەبەخشن لەئەنجامی بەخشینی زۆری تۆ، دوورکەوە لەو کەسانەی پێناسەی جوانی سادەیت ناکەن بەڵکو بەئاسان و ساویلکە سەیرت دەکــەن.

هیوادارم میهرەبانی بکەیتە شەکری ژیانت، ڕوحی هەمووان لەباوەش بگرە، دەستی

هەرکەسێک بگرە کەدەتوانیت، وشەکانت بکە بەلۆکە بۆ سەر برینی هەمووان، زەردەخەنە بکە بەڕووی هەر کەسێکدا کە لەسەر شەقام بەدڵێکی ڕووخاوەوە وەستاوە، دۆستە ئەزیزەکەم هیوادارم دڵە جوانەکەت لەڕق پاک بکەیتەوە و لێبووردەیی بکەیتە میوانی هەمیشەیی دڵە بچووکەکەت.

دەڵێم ئازیز لەکۆتاییدا مردن میوانی لەناکاوی ئێمەیە شوێن پێی هیچ ئازارێک لەژیانی هیچ کەسێکدا جێمەهێڵە، دەمەوێت ئازیزەکەی دڵی هەمووان بیت کاتێک ون دەبیت.

پەیامێک لەبیرەوەری منداڵییەوە.



مرۆڤ ئەو کەسەی خۆشدەوێت
کە گرنگی پێدەدات گرنگ نییە
مرۆڤ بێت یاخود دڕەندە.

"بــێــڵ".



ڕووی ڕاستی خۆت نیشانبدە
لەبەربەستەکان مەترســە.

"مــولان".




ڕۆژێک دێت خەونەکانت دێنەدی.

"سەندرێلا".



پێیان وتم لەگەڵ کەس قسەنەکەم
بەڵام نەمتوانی لەگەڵ تۆ
بێدەنگ بمێنمەوە.

"ئارۆرا".



دەتوانیت هەموو شتێک
بەدەست بهێنیت بەهەوڵدان.

"مــووانا".



ئامۆژگارییەکم لێوەربگرە بۆمبا
بۆ برینەکانی ژیانت لەلای هیچ کەسێک
مەناڵێنە چونکە برین بێجگە لەخاوەنەکەی
بۆ هیچ کەسی تر ئازاری نییە.

"تـیمـۆن و بۆمبا".

هەر تۆیت دەورووبەرت واڕاهێناوە کەهەمیشە ڕازیت، هەرتۆیت وات کردووە کەهەست بکەن هەمیشە ئاسانیت.

هیچ شتێک نییە بەناوی ئەو کەشتییەی ڕۆشتووە بڵێیت ان شاء الله ناڕوات، و هەتا کەموکوڕ بیت بەرامبەر نەفسی خۆت شایەنی هەموو ئەوانە دەبیت کە بەسەرت دێت، مەڵێ بەڕێزەوە کارم دەکرد نزیکترین کەسەکانیشت وابیرناکەنەوە.

**هەمیشە سەرەتا بیر لەخۆت بکەوە.**

"تیمۆن و بۆمبا".



شەرمەزارییە ئەو قسانەی بۆ خەڵکی دەکەیت
جوانتر بێت لەو قسانەی بەدایکتی دەڵێیت.

"شــەفیق".



ئەوەی جارێک خیانەتت لێبکات
هەزار جاری دیکەش دەیکات
پێویست ناکات هەموو ئاوی دەریا
بخۆیتەوە تاکو دڵنیابیت کەسوێرە.

"سپۆنجبـۆب".



دایک تاکە کەسە لەهەموو بارودۆخە
سەختەکان لەگەڵت دەبێت
و خۆشی دەوێیت بەبێ بەرامبەر.

"مێریــدا".



خۆزگە هەرگیز نەهاتمایەتە دەرەوە و مرۆڤە خراپەکانم نەناسیایە.

"ڕاپــۆنزڵ".

پەیامێک لەبیرەوەری منداڵییەوە.



متمانە بەهیچ کەسێک مەکە.

"دەنکە هەنارە".